بسم الله الرحمن الرحیم

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان**

پێناسی کتێب

ناوی کتێب: ژین لەگەڵ فەرموودەکانی پەیامبەردا

نووسەر: دیار سەعدی عەلی

هەڵەچن: هەژیر عەبدولڕەحمان ڕەشید

دیزاینی بەرگ: ئەحمەد ...

ژمارەی لاپەڕە:

نرخ:

چاپخانە:

چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٢٢

ژمارەی سپاردنی ... ی ساڵی ٢٠٢٢ی لەلایەن بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانەوە پێ دراوە.

پێشەکیی نووسەر:

ئاشکرایە کە هەمووومان دەمانەوێت بەختەوەرانە بژین، دەمانەوێت بە جۆرێک بژین کە چێژ لە ئەو کاتە ببینین کە تێیداین، دواتریش بەهێمنی ماڵئاوایی لە ئەم ژینە کاتییە بکەین؛ هەر کەسێک بە دیدێکی جیاواز بۆ ژین دەڕوانێت، بە شێوازێکی تایبەت بەخۆی پێناسەی ژین دەکات و واتایەکی پێ دەبەخشێت، بەڵام ئەی چی، ئەگەر ئێمە بە دیدی سەروەری مرۆڤایەتی، بە دیدی پێشەوامان سەیری ژین بکەین و پێناسەیەک بۆ ژین بکەین، ئەو کاتە خۆشترین ژینمان دەبێت، ژینێکی

دوور لە ئازار، ژینێکی پڕ لە ڕازیبوون بە هەموو بڕیارێکی پەروەرێن، ئەو کاتەیش تێڕوانینێکی جیاوازترمان بۆ ژین دەبێت.

هیوادارم ئەم کتێبە بتوانێت گۆڕانکارییەک لە ژینتان بەرپابکات و، وا بکات کە بە دیدێکی جیاواز لە ژین بڕوانن، خودایش مرۆڤی بە جیاوازییەوە دروستکردووە و بۆ ژین واتایەک دەبەخشێت، چونکە جیاوازین و ئەم جیاوازییەیش وایکردووە کە ژین جوانتر بێت.

لە دونیادا چۆن بین؟

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر(ڕ.خ) دەگێڕێتەوە کە پەیامبەر(د.خ) فەرمووی: {كُنْ في الدنيا كأنَّك غريبٌ أو عابِرُ سبيلٍ}، واتە: "لە دونیادا وەک غەریبەیەک یاخود وەک ڕێبوارێک بە"، ئەم قسەیە پڕ بە پێستی ئەم سەردەمەی ئێستامانە، کە ئێمە هەستدەکەین شتێکمان کەمە، کە هەستدەکەین خودا بەرانبەر بە مرۆڤایەتی

دادپەروەر نییە..! بەڵام ئەم قسەیە وا نییە، سەروەری مرۆڤایەتی فەرموویە: "لەم دونیایەدا وەک ڕێبوارێک یاخود غەریبەیەک وا بن، چونکە ئەم دونیایە کاتییە، ئەم دونیایە کۆتاییدێت"، خودا خۆی دەفەرموێت: "ئێمە ژین و مردنمان بەدیهێناوە، بۆئەوەی تاقیتانبکەینەوە، بۆئەوەی بزانین کە کێتان کردەوەی چاکتر و پەسەندترە"، بەڵێ ئازیزان، با لەم دونیایەدا وەک ڕێبوارێک، با وەک غەریبەیەک بین و دونیا بە کۆڵماندا نەدەین.

ئەم فەرموودەیە لە گێڕانەوەکانی بوخاری، ئیبنوماجە و ترمزیدا
هاتووە:

لەدوای خراپە چاکەبکە، خراپەکە دەسڕێتەوە؛ بە ڕەوشتی جوانەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکە".

ئازیزانم، ئەم فەرموودەیە، ئەگەر جێبەجێیبکەین، دەتوانم بڵێم کە بۆ نیوەی ژینمان بەسە! لە خودا بترسە، لە هەر شوێنێک بوویت؛ ئێ ئازیزان، لەخوداترسان لە هەموو شوێنێک لە سەرپێچیکردنی خودا دەمانگرێتەوە؛ ئەگەر خراپەتکرد، چاکەبکە، خراپەکەت دەسڕێتەوە؛ ماشەڵڵا، لێرەدا پەیامبەر(د.خ) ئاماژەمان بۆ دەکات کە چاکەبکەین، لە کۆتاییدا دەڵێت کە بە ڕەوشتی جوان مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکە، خۆ یەکێک لە کلیلەکانی بەدەستهێنانی دڵی خەڵکی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بەجوانییە، بە بوونی ئەم فەرموودەیە لە ژینماندا ژیانمان جوانتر دەبێت.

## پارێزگاری لە نوێژەکانتان بکەن

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {اتقوا الله في الصلاة وما ملكت أيمانكم}، واتە: "لە خودا بترسن و پارێزگاری لە نوێژەکانتان بکەن، لەگەڵ کەنیزەکەکانتاندا باشبن".

ئازیزان، سەروەری مرۆڤایەتی هەم لە کاتی زیندووبوونیدا و هەم لە کاتیماڵئاواییکردنیشیدا لە ژیندا خەمی ئومەتەکەی بووە و، کۆتا وەسیەتی پەیامبەرمان(د.خ) ئەوە بوو کە سێ جار فەرمووی: "نوێژەکانتان، نوێژەکانتان، نوێژەکانتان"؛ ئایا ئێمە چەندێک پارێزگاری لە نوێژەکانمان دەکەین، چەندێک لە خودا دەترسین، چەندێک لەگەڵ خزمەتکارانی ماڵەکەماندا باشین؟! هەڵبەت ئێستا هەموو ماڵێکیش خزمەتکاری نییە، بەڵام پێشتر کەنیزەک هەبووە، ئەگەر ئێمە لە خودا ترساباین، ئەوەندە بەرانبەر بە خوداکەمان

چاوقایم نەباین، ئەوا پارێزگاریی تەواوەتیمان لە نوێژەکانمان دەکرد؛ دۆستان، یەکێک لە ڕێگەکانی چوونەبەهەشت نوێژکردن بەچاکی و پارێزگاریلێکردنیە.

## خۆت لە ئاگری دۆزەخ بپارێزە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {اتقوا النار ولو بشق تمرة}، واتە: "خۆتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن، ئەگەر بە خێرکردن بە لەتەخورمایەکیش بێت".

ڕۆح و دایکوباوکم بە فیدات بێت ئەی پەیامبەر، کە چەندێک خەمی ئومەتەکە، چەندێک خەمتە، بۆئەوەی لە ئاگری دۆزەخ دوور بن، لە ئەو ئاگرەی کە هەرگیز ساردنابێتەوە، لەبەر زۆریی کوڵانەکەی هەر قوڵپدەدات! پێمان دەڵێت کە بە لەتەخورمایەکیش بێت، خۆتان لە

ئەو دۆزەخە بپارێزن، سوبحانەڵڵا؛ حیکمەتێکی گرنگ لەو فەرموودەیەدا هەیە، ئازیزانم، دڵ بە بەخشین گەورەدەبێت، جگە لە خوداپەرستی و خۆشەویستیی خودا، دڵ بە بەخشین گەورەدەبێت؛ پەیامبەرمان پێمانی گوتووە کە ببەخشن(خێربکەن)، بۆئەوەی دڵمان گەورەببێت و لە میهرەبانی و خۆشەویستیی خودا پڕببێت، ئایا هەستتکردووە کە کاتێک دەبەخشیت و دەڕۆیت، هەناسەیەکی جیاوازتر هەڵدەمژیت و دیدێکی ترت بۆ ژین دەبێت؟!

خۆتان لە ستەمکردن بپارێزن

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {اتقوا الظلم فإن الظلم ظلمات یوم القیامة}، واتە: "خۆتان لە ستەمکردن بپارێزن، چونکە ستەم لە ڕۆژی قیامەتدا تاریکییە".

ژینم ببێت بە فیدای چرکەیەکت پەیامبەر، کە چەندێک خەمی ئێمەت بووە، بەڵام ئێستا ئێمە هەندێکمان بە دوای قسەی هەندێک مرۆڤەوە وێڵین، لەبریی قسەکانی تۆ بکەین بە بنچینەی ژینمان، قسەی هەندێک کەسی تر دەکەین بە بنچینەی ژینمان.

ئازیزان، ڕەسوڵی خودا شارەزای دەروون بووە، دەیزانی دڵ بە ڕق و ستەمکردن ڕەشدەبێت، بۆیە فەرمانی پێ کردووین کە خۆمان لە ستەمکردن بپارێزین، دەزانێت کە بە ستەمکردن شەیتان دێتە نێو دڵەکانمانەوە و کینە و بوغزی زیاترمان لە لا دروستدەکات و، خودایش ستەمکارانی خۆشناوێت. ئەها ئازیزان، لە قورئانی پیرۆزدا خودای گەورە دەفەرموێت: {الله لا يهدي القوم الظالمين}، واتە: "خودای گەورە هیدایەتی کۆمەڵەی ستەمکاران نادات"، با ستەممان نەبێت، بۆئەوەی لە قیامەتدا تاریکیمان نەبێت.

## پەیوەندیی خزمایەتی بگەیەنن

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {اتقوا الله وصلوا ارحامكم}، واتە: "لە خودا بترسن، پەیوەندیی خزمایەتی بگەیەنن".

دەروونناسێک کە لە دونیادا وێنەی نییە، لە ئەم فەرموودەیەدا فەرمانمان پێ دەکات، بۆچی؟ چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ناتوانێت بەتەنها بژی، ناتوانێت بەتەنها ڕێبکات، هەروەها بەجێهێنانی خزمایەتی و سەردانیکردنی خزمان و دۆستان ئارامی بە دەروون دەبەخشێت، لە دڵەڕاوکێ و خەمۆکییش دوورماندەخاتەوە، هەروەها پەیوەندیی خزمایەتیمان لە جاران پتەوتردەبێت، ئایا ئێمە هەتا چەند بەگوێرەی ئەم فەرموودەیە دەڕۆین، هەتا چەند لە ژینماندا جێبەجێیدەکەین، چەندێک دەبێت کە دوایین جار

سەردانیماڵی داپیرە و باپیرەمان کرد، چەندێک دەبێت کە دوایین جار سەردانی خزمێکمان کرد کە لە پێشوودا ئازیزترینمان بوون، چەندێک بوو کە سەردانی ماڵی کەسوکارمان

لەبەر قسەی خەڵکی نەکرد؟!

خۆشەویستترین بەندەکانی خودا

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {احب عباد الله الی الله احسنهم اخلاقا}، واتە: "خۆشەویستترین بەندەکانی خودا لە لای خودای گەورە ئەو کەسانەیە کە جوانترین ڕەوشتیان هەیە".

ڕەوشتی جوان جگە لە ئەوەی کە خۆشەویستی لای خودایە، خۆشەویستی نێو خەڵکیشە، یەکێک لە کلیلەکانی چوونە نێو دڵی خەڵکییەوە ڕەوشتجوانییە؛

جا ئەگەر دەتەوێت خودا خۆشیبوێیت، ئەوا ڕەوشتت جوانبکە و، هەر کەسێکیش خودا خۆشیبوێت، ئەوا بەندەکانی خودایش بەبێ هیچ بەرژەوەندییەک(بەبێ بوونی هیچ مەرجێک) خۆشیاندەوێت. لە ئەم فەرموودەیەدا سەروەری مرۆڤایەتی فەرمانی پێ کردووین کە ڕەوشتمان جوانبکەین، دەبینن کە ئەوانەی ڕەوشتیان جوانە، بەردەوام ئازیزی نێو دڵانی خەڵکین، ئێمەیش هەندێک جار گلەیی لە ئەوە دەکەین کە بۆچی بۆ ئێمە وانین؟! هۆکارەکەی ئەوەیە کە تۆ ئەم فەرموودەیە جێبەجێناکەیت، ئەم فەرموودەیە جێبەجێبکە و چاوەڕوانی ئەنجامە ناوازەکەی بە.

بەبەزەیی بە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {ارحم من فی الارض یرحمک من في السماء}، واتە: "بەبەزەیی بە، لەگەڵ ئەوانەی کە لەسەر زەوین(مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندە)؛ ئەوەی کە لە ئاسمانە(خودای گەورە)، ڕەحمت پێ دەکات".

پەیامبەرمان(د.خ) فەرمانی پێ کردووین کە بەبەزەیی بین، بەڕەحم بین، میهرەبان بین، لەگەڵ مرۆڤەکان، لەگەڵ ئاژەڵەکان، لەگەڵ باڵندەکان، پاشان خودا ڕەحممان پێ دەکات؛ بەڵام ئایا ئێمە هەتا چەند بەبەزەیین؟! ئێمە هەتا چەند یارمەتیی هەژارەکان، یارمەتیی بێباوکەکان، یارمەتیی نەداران دەدەین؟! با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئازیزان، ئێمە هەتا چەند ئاژەڵەکان دەهێڵینەوە و دەریاننناکەین، ڕاویاننناکەین؟! هەتا چەند باڵندەکانی سەر دارەکانمان دەرناکەین؟! دەڵێین دارەکە پیسدەکەن! ئەی ناترسین لە ئەوەی کە ئەو باڵندەیە لە لای خودای گەورە سکاڵامان لێ بکات،

ئەو ئاژەڵەی کە چاوەکانی دەردەهێنین، ناترسین کە ئاهی بە عەرشی خودا بگات و پاشان خودا لەبریی ڕەحم سزامانبدات.

باشترین باوەڕ

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {أفضل الإيمان الصبر والسماحة}، واتە: "باشترین باوەڕ بریتییە لە ئارامگرتن و لێبوردەیی".

ڕستەیەکی کورت، بەڵام پڕواتا؛ کورت، بەڵام ئارامبەخش؛ باشترین باوەڕ ئارامگرتن و لێبوردەییە. پەیامبەر، دایکوباوکم بە فیدات بێت، ڕۆحم بە قوربانی تۆ بێت، تۆ هەم دکتۆریت و هەم دەرمانسازیشیت! دەزانیت کام دەرمان بۆمان گونجاوە؛ ئارامگرتن، ماشەڵڵا دەزانێت خودای گەورە لەگەڵ ئارامگراندایە، بۆیە پێمان دەڵێیت کە ئارامبگرن، ئارامگرتن جوانترینە،

ئەها خودای گەورە لە قورئانە پیرۆزەکەی دا پێمان دەڵێت: {ان الله مع صابرین}، واتە: "خودای گەورە لەگەڵ ئارامگراندایە"، پاداشتی ئارامگرانیش پاداشتێکی گەورەیە لەلایەن خودای میهرەبانەوە؛ لێبوردەیی، دڵەکان بە لێبوردەیی گەورەدەبن، بەمیهرتر دەبن، لێبوردەیی بۆ کەسە گەورەکانە، بۆیە پەیامبەریش(د.خ) دەزانێت کە ئەوانەی باشترین باوەڕیان هەیە، کەسە گەورەکانن.

قورسترین شت لە تەرازوودا

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {أثقل شيء في ميزان المؤمن خلق حسن}، واتە: "قورسترین شت لە تەرازووی قیامەتدا ڕەوشتجوانییە".

پاک و بێگەردی بۆ خودا، خودای گەورە دەفەرموێت کە خودا لەگەڵ ئارامگراندایە، لە ئێرەیشدا سەروەری مرۆڤایەتی پێمان دەڵێت کە قورسترین شت لە ڕۆژی قیامەتدا ڕەوشتجوانییە؛ ئەها ئازیزان، کەسێک خۆی ڕەوشتی نایاب و جوان بێت، دەیەوێت بەرانبەریشی بە هەمان شێوەی خۆی بێت نەک بڵێین: نا نا، تەنها دەمەوێت خۆم وابم، با کەسی تر وا نەبێت، نا، ئەمە لە ڕەوشتی باوەڕداری ڕاستەقینەدا نییە، باوەڕداری ڕاستەقینە ڕەوشتجوانی و چاکەکاری لەگەڵ برا موسڵمانەکەی و خوشکە قەدرگرانەکەیدا بەشدەکات، پەیامبەر(د.خ) چونکە خۆی بە ڕەوشتجوانییەکەی، بە ڕاستگۆیی و دەستپاکییەکەی ناسرابوو، تەنانەت بێباوەڕەکانیش دانیان بە ئەوەدا دەنا کە ڕەسولی خودا بەڕەوشت و ڕاستگۆ و دەستپاک بووە.

بەردەوامبوون

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {احب الاعمال الی الله ادومها وان قل}، واتە: "خۆشەویستترین کردەوە لە لای خودای پەروەردگار ئەوەیە کە لەسەری بەردەوامبیت، ئەگەرچی کەمیش بێت".

تۆ، ئەی ڕەسولی خودا، تۆ باشترین پەروەردەکاریت کە وێنات نییە، ئێستا لە ئەم سەردەمەدا دەروونناسان و پەروەردەکاران پێمان دەڵێن کە ئەگەر کارێک بکەیت و لەسەری بەردەوامبیت، بە ئامانجی کارەکەت دەگەیت؛ بەڵام ڕەسولی خودا هەزار و چوار سەد ساڵ لە ئەمەوبەر فەرموویە کە بەردەوامبە، بەردەوامی خۆشەویستترین کردەوەی لای خودای گەورەیە، ئێستا دەروونناسان پێمان دەڵێن کە هەنگاوێک بنە، ئەگەرچی کەمیش بێت؛ دەڵێن کە بەردەوامبە، ئەگەرچی

هەنگاوێکی بچووکیش بێت. ڕۆحم بە فیدات بێت ئەی ڕەسولی خودا، تۆیش هەزار و چوار سەد ساڵ لە ئەمەوبەر بە ئێمەت فەرمووە کە بەردەوامبن.

## تاقییاندەکاتەوە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {اذا احب قوما ابتلاهم}، واتە: "ئەگەر خودای گەورە کەسانێکی خۆشبوێت، ئەوا تاقییاندەکاتەوە".

دەرمانی دەردان، ڕستەیەک کە ڕێک بەتەواوی مرۆڤ دەگۆڕێت، ڕێک لە ئەوپەڕی ئازاردا دەیهێنێتەوە خەندەکردنێک، ئایا غەمباریت؟ ئایا دڵتەنگیت؟ ئایا وەسواسیت؟ ئایا هەژاریت؟ ئایا منداڵت نابێت؟ ئایا

ناتوانیت هاوسەرگیرییکەیت؟ ئایا دەترسیت؟ ئایا لە کێشەیەکدایت؟ ئایا ئازیزترین کەست لێت جیابووەتەوە؟ دڵگرانمەبە، هەناسەیەکی قوڵ هەڵبمژە، ئەمە تاقیکردنەوەی خودای گەورەیە. ئەها پەیامبەر پێمان دەڵێت کە خودای گەورە ئەگەر کەسانێکی خۆشبوێت، تاقییاندەکاتەوە؛ حیکمەتی تایبەت لەم تاقیکردنەوانەدا هەیە، ئەوانیش بەهێزی، ئارامگری و پاداشتن، چونکە تۆ ئارام لەسەر ئەو ئازارە دەگریت و خودای گەورەیش لەگەڵ ئارامگراندایە؛ ئارامبگرە، ڕۆژێک دێت کە خۆری تۆیش هەڵدێت.

## خیانەت مەکە تەنانەت

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {أد الأمانة إلى من ائتمنك ولا تخن من خانك}، واتە: "ڕاسپاردە و ئەمانەت بۆ ئەو

کەسە بگەڕێنەوە کە لە لات دایناوە و، ناپاکیمەکە، تەنانەت لە کەسێکیش کە ناپاکیت لێ دەکات".

ڕەسولی خودا لە ئەم فەرموودەیەدا باسی گرنگیی متمانە دەکات، باسی ئەو گرنگییە دەکات کە متمانە چەندێک لە ژینی مرۆڤدا گرنگە؛ باسی ئەوەیش دەکات کە ئەمانەتەکە بۆ لای ئەو کەسە بگەڕێنیتەوە کە لە لات دایناوە، واتە متمانەکە بەجێبگەیەنیت و متمانەی خۆت بهێڵیت؛ پێیشمان دەڵێن کە ناپاکیمەکەن، چونکە ئەنجامی کۆتایی لە ناپاکیدا متمانەلەدەستدانە، پێمان دەفەرموێت کە ناپاکیمەکە، چونکە ناپاکییش لە کەسایەتیت کەمدەکاتەوە و متمانەت ناهێڵێت، تەنانەت لە ئەو کەسەیش کە ناپاکیت لێ دەکات، بە واتای ئەوەی کە ئەگەر کەسێک دڕکی تێگرتیت، تۆ گوڵی تێبگرەوە! ماشەڵڵا لە ئەو ڕەوشتە جوان و ناوازەیە.

## زۆربەی تاوانی مرۆڤ

پەیامبەر(د.خ) دەفەرمویێت: {اكثر خطايا ابن آدم فی لسانه}، واتە: "زۆربەی تاوانی مرۆڤ بەهۆی زمانیەوەیە".

ڕەسولی خودا لە ئەم فەرموودەیەدا ئاماژەیەکی گرنگی بە ئەوە داوە کە زمانمان لە غەیبەتکردن، دووزمانیکردن و بوختانکردن بۆ یەکتری بپارێزین، چونکە زۆربەی تاوانەکانی بەنیئادەم(مرۆڤ) بەهۆی زمانیەوەیە، وەک کورد گوتەنی: "زمانت بگرە، سەر سەلامەتە"، پێشینانی خۆیشمان هەر ئاماژەیان بۆ ئەو فەرموودەیەی ڕەسولی خودا بووە، بەڵام بە جۆرێکی تر، زمانی مرۆڤ لە یەک کاتدا دەکرێت هەم قسەی چاکی پێ بکرێت، هەمیش خراپ؛ دەکرێت ئاگری پێ بکوژێتەوە،

دەیشکرێت ئاگری پێ بکەینەوە، بۆیە ئازیزان، با ئاگاداری زمانمان بین، بزانین لە چ کاتێکدا قسەی پێ بکەین، با زمانمان لە بوختان، قسەهێنان و قسەبردن بپارێزین، چونکە سەرئەنجامە خراپەکەی بەسەر خۆماندا دەشکێتەوە .

## بەڕێزترینی خەڵکی

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {اکرم الناس اتقاهم}، واتە: "بەڕێزترینی خەڵکی لەخوداترسترینیانە".

ئازیزان، ئەگەر ئێمەیش بمانەوێت لە بەڕێزترینی خەڵکی بین، ئەوا پێویستە بەتەواوی لە خودا بترسین، بەڵام لەخوداترسانێک تەنها بە قسە نا، بە کردەوە، ئێمە ئەگەر لە خودای گەورە ترسابایین، دووزمانیمان

نەدەکرد، قسەماننەدەهێنا و قسەماننەدەبرد، غەیبەتی یەکتریمان نەدەکرد، شەڕمان بە یەکتری نەدەفرۆشت، بە مەرج یەکتریمان خۆشنەدەویست، زیادەڕۆییمان لە خواردندا نەدەکرد، قاپوقاچاخەکانمان لە دوای سەیرانکردن فڕێنەدەدایەوە نێو سروشتەوە! ئایا ئەمە لەخوداترسانەکەی ئێمەیە، موزیکژەنین، گۆرانیگوتن و کۆکردنەوەی شەیتان لە لای خۆمان و دەرکردنی فریشتەکان لە لای خۆمان، ئا ئەمە لەخوداترسانی ئێمەیە، یەکتری تاوانبارکردن، جیاکردنەوەی دوو کەس لە یەکتری، ئا بە ئەمە دەڵێین لەخوداترسان، نەخێر، ئێمە بەرانبەر بە خودا زۆر چاوقایمین.

ئازار لەسەر ڕێ لاببە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {أَمِطِ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ فَإِنَّهُ لَكَ صَدَقَةٌ}، واتە: "ئازار لەسەر ڕێگەی خەڵکی لاببە، ئەوا بە چاکە بۆت دەنوسرێت".

لابردنی ئازار لەسەر ڕێی کەسێک، هاوکاریکردنی کەسێک، پێدانی خواردن بە هەژاران، کڕینی خواردن بۆ ماڵێکی بێباوک، کڕینی جلوبەرگی قوتابخانە و پێداویستییەکانی بۆ ماڵێکی هەژار، ئەمە هەمووی لابردنی ئازار لەسەر ڕێگای خەڵکییە و چاکەت بۆ دەنووسرێت، بەڵام تەنها پاداشتەکەی قیامەتییە؟! نەخێر، بەڵکو لە ئەم دونیایشدا تۆ دڵت زیاتر فراوانتردەبێت، لەگەڵ خەڵکیدا زیاتر بەمیهرتر دەبیت، پاشانیش خودا لەگەڵتدا میهرەبان دەبێت، بەڵام ئایا ئێمە هەندێکمان بە پێچەوانەی ئەم فەرموودەیە ناڕۆین؟! لەبریی ئەوەی کە ژینی برا و خوشکانی موسڵمانان ئاسانتربکەین، سەختتریدەکەین، لەبریی ئەوەی کە زانستەکەمان بۆ خزمەتی موسڵمانان و قیامەت و دونیامان بەکارییهێنین، بۆ خراپە بەکاریدەهێنین؛ لەبریی ئەوەی کە یارمەتیی ماڵەهەژارێک بدەین، کاتێک بە دەستی ڕاست کردمان، دەستی چەپ پێی نەزانێت،

**سناپپینەکەین، ڤیدیۆینەکەین، بۆئەوەی خەڵک بزانێت کە ئێمە خێردەکەین؟! ئایا ئەمە لابردنی ئازار لەسەر خەڵکی لەلایەن ئێمەوەیە؟!**

**وەک ئەوە وایە کە خۆی کردبێتی**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {الدال على الخير كفاعله}، واتە: "ئەو کەسەی کە ڕێنوێنیی خەڵکی بۆ چاکە دەکات، وەک ئەوە وایە کە خۆی کردبێتی".**

**ئازیزان، خودا زۆر میهرەبانە و میهرەبانیی هەموو شتێکی لە ئەم دونیایەدا گرتووەتەوە، بەڵام لە قیامەتدا(ڕۆژی دوایی) تەنها بۆ باوەڕدارانە؛ ئەگەر کەسێک فەرمان بە چاکە بکات، یاخود ڕێنمایی کەسێک بە چاکە بکات، ئەوا وەک ئەوە وایە کە خۆیشی ئەو کارەی کردبێت، بەبێ ئەوەی هیچ لە خێری کەسی ئەنجامدەر کەمبکاتەوە! بەڵام ئێمە هەتا چ ڕادەیەک ڕێنمایی بە چاکە دەکەین؟! هەتا چ ڕادەیەک بە کچەکەمان دەڵێین کە حیجاب و سەرپۆشبکە، هەتا چەند بە کوڕەکەمان دەڵێین کە نوێژەکانت بکە، هەتا چەند بە ماڵ و منداڵەکەمان دەڵێین کە**

ئاگادار بن و کاری خراپە مەکەن، ئایا ئێمە بە ئەم شێوەیەین، یاخود دەڵێین دەی کوڕە ئەگەر پیربوو، نوێژەکانی دەکات، لە کاتێکدا دڵنیانیت کە خۆت دەگەیت بە ئێوارە یان دەگەیت بە چرکەیەکی تر، ئیتر چۆن بۆ منداڵەکانت دڵنیایت؟! دەڵێن دەی جارێ منداڵە، نازانێت! دەی ئەگەر بە ئەم شێوەیە بێت، ئەوا منداڵەکەت هەر منداڵ دەبێت، وەک منداڵیش ئەگەر ٣٠ ساڵ تەمەنی بێت، لە چاوی دایکوباوکدا هەر منداڵە.

لە لای یەکتری خۆشەویست دەبن

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {تهادوا تحابوا}، واتە: "دیاری بە یەکتری ببەخشن، لە لای یەکتری خۆشەویست دەبن".

ڕەسولی خودا، ڕۆحم بە فیدات بێت، ژینم قوربانت بێت ئەی باشترین دەروونناس، ئەی باشترین پەروەردەکار؛ ئازیزان، تێبینیتانکردووە کە کاتێک دیارییەک بە برایەکی موسڵمانت، یان بە هاوسەرت دەبەخشیت، ئەوا زیاتر لە لایان

خۆشەویست دەبیت! زیاتر دڵیان بە تۆ دەکرێتەوە، لەبەر دیارییەکە نا، لەبەرئەوەی ئەمە پێی دەگوترێت گرنگیپێدان، ئێستا توێژینەوەکانی دەروونناسانی جیهانی و خەڵکی ئاسایی خۆیشمان دەڵێن کە گرنگیپێدان خۆشەویستی دروستدەکات، پەیامبەریش(د.خ) فەرموویە کە دیاری بە یەکتری ببەخشن، مەرج نییە کە ئەو دیارییە شتێک بێت، لەوەیە قسەیەک بێت، گرنگیپێدانێک بێت! ماشەڵڵا لە دانایی پەیامبەری خودا(د.خ) دیاری(گرنگیپێدان) ببەخشن، لە لای یەکتری خۆشەویستتر دەبن، پاشان کە خۆشەویستی لە نێو خێزانەکان، لە نێو هاوڕێکان، لە نێو خزمان و دۆستان بڵاوبووەوە، ژینێکی ناوازە بەڕێدەکەین.

## دونیا زیندانی باوەڕدارانە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {الدنیا سجن المؤمن وجنة الكافر}، واتە: "دونیا بەندیخانەی باوەڕدارانە و بەهەشتی کافرانە".

ئایزان، دونیا بۆ ئێمەی باوەڕدار زیندانییەکە و، بۆ بێباوەڕانیش بەهەشتە، دەبینن کە بێباوەڕان لە ئەوپەڕی خۆشیی دونیادان، خاوەنی ئۆتۆمبێلی گرانبەها، خانوو، ڤێللا، هۆتێلی گرانبەها و تایبەتن، بەڵام باوەڕدارانیش لە زیندانییەکی گەورەدان، لەوەیە بپرسن کە بۆچی ئەم دونیایە بۆ باوەڕداران زیندانە، چونکە خۆشییەکانی دونیا و شەهوەتەکانی دونیا لە لای بێباوەڕانە، لە کاری دزی و گۆرانی و شتە ڕێگەپێنەدراوەکان(حەرامکراوەکان)، بەڵام ڕێگەپێدراوەکان(حەڵاڵەکان) لە لای ئێمەی باوەڕدارن، کە لەوانەیە بۆ باوەڕدار ئەو چێژەی نەبێت، چونکە ئێمەی باوەڕدار لەسەر شەهوەت نین، لەسەر ئارەزووە پیسەکانمان نین، ئێمەی باوەردار بەسەر نەفسماندا زاڵین، نەفسیش هەمیشە داوای شتی ناشەرعی دەکات، بۆیە ئەم دونیایە بۆ ئێمەی باوەڕدار وەک زیندان وایە، ئێستایش لە ئەم سەردەمەدا حەرام ئاسانە و حەڵال گرانە، بۆیە بەتەواوی دونیا بووە بە زیندانێک بۆ باوەڕداران، بەڵام بەهەشتی ڕاستەقینە بۆ ئێمەیە.

**باشترینتان**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {خیرکم من تعلم القرآن وعلمه}، واتە: "باشترینتان ئەو کەسەیە کە خۆی فێری قورئان بێت و خەڵکیش فێربکات".**

**ڕەسولی خودا دەفەرموێت کە باشترینتان ئەوەیە کە خۆی فێری قورئان بکات و خەڵکیش فێربکات، بەڵام ئازیزان، ئێمە بە ئەم شێوەیەین، هەندێکمانی لێ دەربچێت، یان دەچین خۆمان فێری مۆسیقا دەکەین، خۆمان دەچین خۆمان فێری شتی حەرام(ڕێگەپێنەدراو) دەکەین، بۆئەوەی شەهوەتەکان بۆ خۆمان ڕابکێشین، شەیتانەکان بانگبکەین و فریشتەکان دەربکەین! با من لە خۆمەوە دەستپێبکەم، لە کاتێکدا من**

مۆسیقاژەن بووم، یارمەتیی خەڵکم دەدا کە فێری مۆسیقا بن، مۆسیقام بڵاودەکردەوە، بۆیە دڵم پڕبووبوو لە ڕەشی و نائارامی، بەڵێ، خۆشەویستان، بەڵام کە چێژی باوەڕم وەرگرت، ئەو کاتە هەموویانم لەگۆڕنا، ئەو کتێبانەی کە پەیوەست بوون بە هەر شتێکی دووربوون لە ئایینەوە، لامبردن و ئەوانەی کە لە ئایینیان نزیکدەکردمەوە، هێنامن و لەجێی ئەوانم دانا، تەنها ئەوانەم هێشتەوە کە بابەتی ئایینییان تێیدا بەکارهاتووە، خۆتان فێری زانستی شەرعی بکەن، خۆتان فێری قورئان بکەن.

## ئایین ئامۆژگاریە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {الدین النصیحە}، واتە: "ئایین ئامۆژگارییە".

بەڵێ، دۆستان و ئازیزان، ئایین بەتەواوی ئامۆژگارییە، قورئان کتێبەکەیەتی، چیت لە ئەم دونیایەدا دەوێت کە بۆ ژینێکی

بەختەوەر پێویستە، لە قورئاندا هەیە، لە ئاییندا هەیە، لە بواری هاندانی کەسی، لە هاوسەرگیری، لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی، لە چۆنیەتیی قسەکردن بە شێوازێکی دروست، لە زانستی ئاسمانەکان، هەرچییەکت دەوێت، لە ئایین و قورئاندا بەردەستە کە وابکەن ژینێکی ئارامتر و ژینێکی بەچێژ بەڕێبکەیت، ئایین ئامۆژگارییە، بەڵام لەوەیە بپرسن کە چۆن ئایین ئامۆژگارییە؟ ئایین ئامۆژگاریماندەکات کە لەگەڵ دایکوباوکماندا باش بین، ڕێزی دراوسێکەمان بگرین، ڕێزی گەورە و بچوک بگرین و ببەخشین، چاکەبکەین، نوێژەکانمان بکەین، لە خودا بترسین، هەر لە ئەویش بپاڕێینەوە، هەر کەسێک دەیەوێت ئامۆژگاری لە باشترین شتەکان وەربگرێت، با بێت و ئامۆژگاری لە ئایین وەربگرێت، چونکە ئایین نیوە ونبووەکەی ئێمەیە، ئایین تەواکەری ئێمەیە، ئایین وا دەکات کە ئامۆژگاری وەربگرین و ژینێکی پڕ لە بەختەوەری و چێژ بەڕێبکەین.

## لە ئێمە نییە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {لیس منا من لم یوقر کبیرنا}، واتە: "ئەوەی کە لەگەڵ بچووکەکەماندا بەبەزەیی نەبێت و ڕێز لە گەورەمان نەگرێت، لە ئێمە نییە".

پەیامبەری خودا(د.خ) ڕۆحم ببێت بە فیدای، دایکوباوکم بە قوربانی بێت، دەفەرموێت: "من کە دەچمە نوێژەوە، حەزدەکەم نوێژەکەم درێژبکەمەوە، بەڵام کە گوێم لە دەنگی گریانی منداڵ دەبێت، نوێژەکەم کورتدەکەمەوە، لەبەر جەرگ و سۆزی دایکی منداڵەکە کە گوێی لە گریانی منداڵەکەی دەبێت". بەڵێ، خۆشەویستمان ئەمە ڕەوشتی پەیامبەر(د.خ) بووە بەرانبەر بە منداڵان، بەڵام ئەی ئێمە چۆنین، پێیان دەڵێین کە جارێ منداڵیت، قسەمەکە! پێیان دەڵێین کە مەیە مەجلیسەوە، تۆ هێشتا ماوتە فێرببیت، دواتریش کە بۆ شوێنێکیش دەڕۆن، داوای شتێک دەکات، دەڵێین کە کوڕەکەم

کچەکەم، تۆ گەورەیت، عەییە! ئێستا ئەو منداڵە شۆکدەبێت، نە دەزانێت گەورەیە و نە دەزانێت بچووکە! ڕەسولی خودا فێرماندەکات کە ڕێز لە گەورەکانمان بگرین، بەرانبەریان بەڕێز بین نەک وەک ئێستا هەندێکمان دەریاندەکەین! هەندێکمان لێیان دەدەین! هەندێکمان خواردنیان پێ نادەین.

## ئەوەی سوپاسی خەڵکی نەکات

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {من لم يشكر الناس لم يشكر الله}، واتە: "ئەوەی کە سوپاسی خەڵکی نەکات، سوپاسی خودای گەورەی نەکردووە".

پاک و پێگەردی بۆ خودای میهرەبان، کە دەزانێت مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێت بەتەنها بژی و، دەیشزانێت کە چ دەرمانێک بۆ ڕاکێشانی خەڵکی و خۆخستنە نێو دڵی خەڵکییەوە باشە! سوپاس لە پێنج پیت پێکهاتووە، بەڵام واتای پێنج سەد وشە دەدات، سوپاسکردنی خەڵکی کلیلێک بۆ چوونە نێو دڵی خەڵکیەوەیە و وادەکات کە لە لای

خەڵکی خۆشەویست بیت، سوپاسی خەڵکی بکە، واتە سوپاسی خەڵکیت کردووە، هەر کەسێکیش سوپاسی خودای گەورە بکات، خودای گەورە و میهرەبان ڕەحمەتی خۆی بەسەردا دەبارێنێت، جا سوبحانەڵڵا کەسێک کە خودای گەورە ڕەحمەت و میهرەبانیی خۆی بەسەردا ببارێنێت، دەبێت چ ژینێکی بەختەوەر و دوور لە ترس و قەلەقی و دڵەڕاوکێ بژیت، ماشەڵڵا خودایە گیان، خودایە، تکادەکەین کە لە ئەو کەسانە بین کە ڕەحمەت و بەزەیی خۆتت بەسەردا باراندوون و خۆشەویستیی خۆت خستووەتە نێو دڵیانەوە، سوپاسی خەڵکی بکە، سوپاسی خودای گەورەت کردووە!

## ئەوەی ڕەحم بە خەڵکی نەکات

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {من لا یرحم الناس لا یرحمه الله}، واتە: "ئەوەی کە ڕەحم بە خەڵکی نەکات، خودای گەورەیش ڕەحمی پێ ناکات".

ماشەڵڵا لە میهرەبانیی پەیامبەری خودا بۆ ئوممەتەکەی، ماشەڵڵا کە چەندێك خەمی ئوممەتەکەی بووە و چەندێک بۆ ڕێی چاکە ئامۆژگارییکردوون و لە خراپەکاری دووریخستوونەتەوە، پەیامبەری خودا ئامۆژگاریماندەکات کە ڕەحم بە خەڵکی بکەین، بۆئەوەی خودای گەورە ڕەحممان پێ بکات، جا وەک وتوویشمە، هەر کەسێک خودای گەورە ڕەحمی پێ بکات، ئەوا ژینێکی تایبەت و ناوازە و دوور لە ترس و فشار بەڕێدەکات، ئەگەر دەتەوێت دڵت فراوانبێت، ئەگەر دەتەوێت بەبەختەوەری بژیت، ئەگەر دەتەوێت دوور لە فشاری دەروونی بژیت، ئەوا لەگەڵ خەڵکیدا بەڕەحم بە و خودایش لەگەڵ تۆدا بەڕەحم دەبێت، بەڵام ئایا ئێمە هەتا چەند لەگەڵ خەڵکیدا بەڕەحمین، بۆئەوەی خودا لەگەڵماندا بەڕەحم بێت، با وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ خۆتان بەجێبهێڵم ئازیزان، ئەو فەرموودەیەی ڕەسولی خودا لە ژینتاندا جێبەجێبکەن و چاوەڕێی ئەنجامەکەی بکەن، بزانن کە چ گۆڕانکارییەک لە ژینی ئێوەدا ڕوودەدات.

## باوەڕدار ئاوێنەی باوەڕدارە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {المؤمن مرآة المؤمن}، واتە: "باوەڕدار ئاوێنەی باوەڕدارە".

پاک و بێگەردی بۆ خودای گەورە کە چۆن ڕەسولەکەی خۆی پڕ زانست و زانیاری کردووە، ڕەسولی خودا لە ئەم فەرموودەیەدا دەفەرموێت کە باوەڕدار ئاوێنەی باوەڕدارە، قسەکەی زۆر بەجێیە و پڕیشیە لە حیکمەت، لەوەیە بپرسن کە چۆن حیکمەتێک ئاخر بابە؟!

کورد گوتەنی: "دڵ ئاوێنەی دڵە"، ئەمە واتای چۆنە؟ باوەڕدار کەسی باوەڕدار بۆ خۆی ڕادەکێشیت، کەسی خراپیش کەسی خراپ ڕادەکێشێت، دەبینیت کە هاوڕێ و دۆستە باوەڕدارەکان دۆست و هاوڕێی باوەڕدار بۆ خۆیان پەیدادەکەن، ئەمەیە کە واتای باوەڕدار ئاوێنەی باوەڕدارە، تێبینیتکردووە کە کاتێک تۆ

لەگەڵ هاوڕێیەکتدا قسەیەک دەکەیت، قسەکە بە دڵی تۆیە و دەڵێیت ئەها ئازیز، دڵ ئاوێنەی دڵە، واتە ئێوە یەکتریان بۆ یەکتری ڕاکێشاوە! بە ئەم شێوەیەیش باوەڕدار کەسی باوەڕدار بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، جا ماشەڵڵا ئەگەر هاوڕێ و ئازیزانت باوەڕدار بن، دەبێت چ ژینێکت هەبێت! دەبێت لەلایەن پەروەرێنمانەوە چەند چاکەمان بۆ بنووسرێت! بەڵام ئەی ئەگەر لەگەڵ پاسەوانانی شەیتانەکاندا بین.

ماڵی هەموو باوەڕدارێکە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {المسجد بيت كل مؤمن}، واتە: "مزگەوت ماڵی هەموو باوەڕدارێکە".

مزگەوت، دەرگەیەک کە هەمیشە کراوەیە، دەرمانخانەیەک کە هەرگیز بەرەو ڕووی هیچ باوەڕدارێک داناخرێت، هەتا خۆر لە خۆرئاواوە هەڵنەیات! دەرگەی تەوبەکردن و لێخۆشبوونی تێدا

داناخرێت، هەتا ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە هەڵنەیات، مزگەوت ماڵێکە کە ئارامی بە دەروون دەبەخشێت، مزگەوت شوێنێکە کە تێیدا شتە مەحاڵەکان دەبنەوە بە شتێکی ئاسایی، مزگەوت شوێنێک بۆ داواکردنی ئەو شتەیە کە تۆ پێت ئەستەمە، مزگەوت ماڵی خودای تاکوتەنهایە، ئەو خودایەی کە بەزەییەکەی هەموو شتێکی لە ئەم دونیایەدا گرتووەتەوە و لە قیامەتیشدا تەنها بۆ باوەڕدارانە، مزگەوت شوێنی زانست و زانیارییە، مزگەوت شوێنێکە کە تێیدا هەموو نەتەوەکان(ئینگلیز، چینی، ئیسپانی، عەرەب، کورد، تورک ...) تێیدا پەرستشدەکەن و نوێژ بۆ خوداکەیان دەکەن، کە خودای ئێمەیشە، ئەویش ئەڵڵایە؛ مزگەوت فەرامۆشمەکەن، خودای گەورە ڕۆژی پێنج جار بانگماندەکات، بۆئەوەی ئاواتەکانمان بهێنێتەدی، بۆئەوەی لەگەڵماندا بەڕەحم و بەزەیی بێت.

موسڵمان ئەو کەسەیە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده}، واتە: "موسڵمان ئەو کەسەیە کە موسڵمانان لە دەست و دەمی پارێزراو بن".

ئازیزان، ئەوە قسەی ڕەسولی خودایە، موسڵمان ئەو کەسەیە کە برا و خوشکە و موسڵمانەکانی لە دەست و دەمی پارێزراو بن، موسڵمانی ڕاستەقینە ئەو موسڵمانەیە کە قسەهێنان و قسەبردنیان نەبێت، کە دووزمانی و بوختانیان بۆ یەکتری نەبێت، کە یەکتری تاوانبارنەکەن و ئەمانەتی یەکتری بپارێزن و دزی و فێڵ و گزی لە یەکتری نەکەن، موسڵمانی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە خەڵکی موسڵمان لە دەست و دەمی پارێزراو بن! بەڵام ئایا ئێمە هەتا چەند خەڵکی موسڵمان لە دەست و لە دەممان پارێزراون، هەتا چەند جێی متمانەی موسڵمانانین، هەتا چەند ڕێز لە یەکتری دەگرین، هەتا چەند خۆشەویستی بە یەکتری دەبەخشین، هەتا چەند دەست و زمانمان پاراوە، با سەیرێکی خۆمان بکەین و بە خۆماندا بچینەوە، خۆشەویستان، با لەسەر سونەتی پەیامبەر(د.خ) بڕۆین خوشک و برایانی

**موسڵمانان، تکایە ئازیزان، ژین کورتە و کاتیش خێرایە، با جۆرێک بژین کە شایستەی ژین بێت.**

**ئەوەی کە قسەبهێنێت و قسە ببات**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {لا يدخل الجنة قتات}، واتە: "ئەوەی کە قسەبهێنێت و قسەببات، بۆئەوەی نێوانی خەڵکی تێکبدات و دووزمانییکات، ناچێتە بەهەشتەوە".**

**کێمان هەیە کە ئەم فەرموودەیە لە ژینیدا جێبەجێبکات، کێمان هەیە ئاخر؟! ئاخر ئەمە ئاگادارکەرەوەیەکی ترسناکە برایان و خوشکانی موسڵمانم، دووزمانیکردن و تێکدانی نێوانی یەکتری، چۆن بچینە بەهەشتەوە، یاخود چۆن بۆنی بەهەشت بکەین دۆستان و ئازیزان، با بەس بێت، ئەوەندە غەییەتی یەکتری نەکەین، ئەوەندە دووزمانینەکەین، نێوانی نێوان دوو کەس تێکنەدەین، چونکە لە دەرگای کێ بدەین، ئەوە لە**

دەرگامان دەدرێتەوە، خراپە بەرانبەر بە کێ بکەین، خراپە دێتەوە ڕێمان و، چاکە بەرانبەر بە کێ بکەین، ئەو چاکەیە دێتەوە ڕێگەمان، با ئەم فەرموودەیە بکەین بە بنچینەی سەرەکیی ژینمان، با قسەنەهێنین و قسەنەبەین، ئەو کاتە هەست بە ئارامیی دەروون و ئارامیی ژینیش دەکەین، دواتریش وەک فەرموودەکەی پەیامبەر(د.خ) ئینشائەڵڵا دەچینە بەهەشتەوە، ئەوەی کە دووزمانییکات، ئەوەی کە نێوانی دوو کەس تێکبدات، ئەوەی کە قسەبهێنێت و قسەببات، ناچێتە بەهەشتەوە، ناچێتە بەهەشتەوە، ناچێتە بەهەشتەوە.

ئەگەر شەرمت نەکرد

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {اذا لم تستح فاصنع ماشئت}، واتە: "ئەگەر شەرمتنەکرد، چی دەکەیت، بیکە".

چەندەمان هەیە کە لەگەڵ ئەم فەرموودەیەدا بژین خۆشەویستان، چەندەمان شەرمدەکەین، چەندەمان بە شەرمەوە دەژین و بە شەرمەوە قسەدەکەین و بە شەرمەوە

هاتوچۆدەکەین، به شەرمەوە جلوبەرگ لەبەردەکەین خوشکان و برایانی موسڵمانم! چەندێکمان؟! ئاخر ڕەسولی خودا دەڵێت کە ئەگەر شەرمتنەکرد، چی دەکەیت، بیکە، ئەمە ئەوەندە ئاسان نییە کە تەنها بەئاسایی وەربگیررێت، ئاخر ژین بە شەرمەوە جوانە، ئاخر شەرمکردن کەسێتیت دیاریدەکات، ئاخر شەرمکردن ڕێزێکی تایبەتت پێ دەبەخشێت، چەندمان شەرمدەکەین؟! خوشکانی موسڵمانم، چەندمان لە کاتی قسەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا شەرمدەکەین؟! برایانی موسڵمانم، بۆ ئێمەیش بە هەمان شێوە، چەندمان لە کاتی قسەکردنماندا شەرمدەکەین؟! چەندمان لە نێو مەجلیسەکاندا شەرمدەکەین؟! هەتاکەی بمانەوێت خۆمان بکەین بە ژمارە، بۆئەوەی چاومان لەسەر بێت، بۆئەوەی پێمان بڵێن ئەها هەزەلییە، ئەها قسەخۆشە، ئەها کۆمیدییە؟!

جوانیشی خۆشدەوێت

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {ان الله جميل يحب الجمال}، واتە: "خودای گەورە جوانە و جوانیشی خۆشدەوێت".**

**ئەم فەرموودەیەی پەیامبەر(د.خ) فەرموودەیەکی زۆر جوان و بەپێزە، خودای گەورە جوانە و جوانیشی خۆشدەوێت، وەک دەیشڵێن پاکوخاوێنییش بەشێک لە باوەڕە، ئێمەی باوەڕدار دەبێت بۆنخۆش و پاکوخاوێن بین، دەبێت بە پاکوخاوێنیمان بناسرێینەوە نەک بە بۆنی ئارەق و نەک بە بۆنی پیسمان، ئەمە لەسەر ئێمە دەکەوێت ئازیزانم، برایان و خوشکانی قەدرگرانم، خودای گەورە جوانیشی خۆشدەوێت، خودای میهرەبان شتە جوانەکانی خۆشدەوێت، خودای گەورە کردەوە جوانەکانی خۆشدەوێت، خودای گەورە باوەڕدارانی جوانی خۆشدەوێت، با ئێمەیش جوان بین، بەڵام جوانیی ڕوخسار نا! خودای گەورە سەیری ڕوخسارێکمان ناکات کە چرچدەبێت، خودای گەورە سەیری دڵمان دەکات، سەیری نیەتمان دەکات، با دڵمان جوانبکەین، با کردەوەمان جوانبکەین، چونکە خودا جوانە و جوانیشی خۆشدەوێت.**

**پەشیمانبوونەوە لە تاوان**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {الندم توبة}، واتە: "پەشیمانبوونەوە لە تاوان تەوبەیە".**

**ئازیزانم، برایانم، خوشکانم، دۆستانم، چەندمان هەیە کە لەسەر تاوانەکەمان پەشیمان بین؟! چەندمان هەیە کە لەبریی ئەوەی بۆ تاوانەکانمان بگرین و پەشیمانی دەرببڕین، دڵخۆشدەبین! چەندمان هەیە کە لە دوای ئەنجامدانی تاوانەکە ڕاستەوخۆ سوژدەیەکی بردبێت و پەشیمانیی خۆی بۆ خودا دەربڕیبێت، پەشیمانیی بۆ ئەڵڵا دەربڕیبێت، ئازیزان، ئاخر تاوانکردن ئەوەندە ئاسان نییە، هیچ تاوانێک بچووک نییە، هەر تاوانی بچووکە، سەردەکێشێت و بەرەو تاوانی گەورە دەتبات، هەر شتی بچووکە کە شتی گەورەی لێ بەرهەمدێت؛**

ئاخر هەر تۆوێکە کە دەبێت بە دارێک، چەندمان دوو ڕکات نوێژی لە دوای تاوانەکەی کردووە! یاخود با بڵێم، ئایا هەر پەشیمان بووین لە ئەوەی کە تاوانمانکردووە، یان بەرانبەر بە ئەڵڵا چاوقایم بووین، با بەس بێت، چاوقایمیمان با بەسبێت، ڕووقایمیی ئێمە بەرانبەر بە خودا، با لە خودا بترسین، ئاخر تۆ تاوان بەرانبەر بە مرۆڤێک ناکەیت، تۆ تاوان بەرانبەر بە خودا دەکەیت، ئاخر تۆ سەرپێچیی یاسایەک ناکەیت کە مرۆڤەکان دایانڕشتووە، تۆ سەرپێچیی یاسای خودا دەکەیت.

وشەی باش و جوان

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {کلمه طیبه صدقه}، واتە: "قسەی باش خێر و چاکەیە".

پەیامبەری خودا دەفەرموێت کە قسەی باش خێر و چاکەیە، بۆیە فەرمانمان پێ دەکات کە قسەمان جوان بێت، گوفتارمان

لەگەڵ دەوروبەرمان، لەگەڵ دایکوباوکمان، لەگەڵ هاوڕێکانمان، لەگەڵ دۆستانمان، لەگەڵ کەسوکارمان جوان بێت، قسەی جوان کەسێتییەکی جوان بە ئێمە دەبەخشێت، پاشان لە لای خودا خێر و چاکەمان بۆ دەنووسرێت، وشەی جوان و کردەوەی جوان لە لای خەڵکی و لە لای دۆستانمان کاریگەری دروستدەکات، پاشانیش ئەگەر گوفتار و کردارمان جوان بوو، لە لای خودا خۆشەویست دەبین، پاشان لە لای خەڵکی سەر زەوی خۆشەویست دەبین، خۆشەویستییەکی بێمەرج، ئاخر خۆشەویستییەکی بێمەرج ئەوەندە ئاسان نییە! ئەوەندە بەئاسانی بەدەستنایەت، خۆشەویستییەک لە خۆشەویستیی دایکوباوک زیاتر بێت، ئەگەر تۆ بە دوای ئەو خۆشەویستییەدا وێڵیت، ئەوا قسە و کردەوە و گوفتارت جوانبکە، قسەی جوان و باش خێر و چاکەیە، ئەمە بکە بە یاسایەکی ژینت، بیکە بە بنچینەی ژینت، ئەو کاتە هەست بە گۆڕانکاریی ژینت دەکەیت.

تووڕەمەبە، بەهەشت بۆچی هەیە؟

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {لا تغضب ولك الجنة} ، تووڕەمەبە بەهەشت بۆچی هەیە .

تووڕەیی لە شەیتانەوەیە، ئارامییش لە پەروەردگار، لە پەروەرێنەوەیە، بەڵام چەندمان هەیە کە تووڕەنەبین، لەسەر شتی بێمانا، لەسەر خواردن، لەسەر ترافیک، لەسەر گەراج(شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل)، لەسەر جلوبەرگ، لەسەر پارە ... تووڕەنەبین، بۆ تووڕەدەبیت، بۆچی شەیتان لە خۆت نزیکدەکەیتەوە، بۆچی ئارامنابیتەوە، کەمێک بارودۆخەکە بچوکبکەوە، هەموو شتێک شایەنی تووڕەبوون نییە، دایکت کە نیسکێنەیەکی لێناوە، شایەنی هاوارکردن و تووڕەبوون بەسەریدا نییە، ئەو گەدەیەیشت شایەنی ئەوە نییە کە بەبەتاڵی بهێڵرێتەوە لەسەر ئەوەی کە دایکت نیسکێنەیەکی لێناوە، ئێ ئاخر ماڵ هەیە کە موحتاجی ئەو نیسکێنەیەن کە تۆ لەسەری هاوار بەسەر دایکتدا دەکەیت! ئاخر بەهەشت بۆچی هەیە، ئەی خوشکی قەدرگرانم، ئەی برای موسڵمانم، ئەی تووڕەی لەسەر ئەوەی کە هەژاریت، تووڕەیت لەسەر ئەوەی کە کارت

نییە؟ ئێ ئەمانە هەمووی تاقیکردنەوەی خودایە، ئێ خودا خۆی ئەو کەسانە تاقیدەکاتەوە کە خۆشیدەوێن، کەسانی باوەڕدار تاقیدەکاتەوە.

## پاڕانەوە پەرستشە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {الدعاء هو العبادة}، واتە: "پاڕانەوە لە خودای گەورە پەرستنە".

کلیلی دەرگە داخراوەکان، کردنەوەی دەرگە مەحاڵەکان و بەدیهێنانی شتە ئەستەمەکان نزایە، وەک پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت کە پاڕانەوە لە خودای گەورە پەرستشە، بپاڕێوە لە خودا، دەرگە داخراوەکانت بۆ دەکاتەوە، شیفای نەخۆشییەکان دەدات، چارەسەری کێشەکان دەکات، پاڕانەوە لە خودا جورئەتە، ئەگەر بێتەدی، ڕەحمەتە، ئەگەر نەیەتەدی، حیکمەتە؛ دڵنیابە کە خودای گەورە بیسەری نزاکانتە، دڵنیابە کە ئاگاداری کێشەکانتە، ئاگاداری ئازارەکانتە، ئاگاداری تەنهاییتە ئازیزی من، نزابکە و بپاڕێوە، ڕۆژێک دێت کە ئەو شتەی کە ٢٠ ساڵ

**لەمەوبەر داواتکردووە، بە کاردانەوەیەکی سەیرەوە دەڵێیت سوبحانەڵڵا، دەبینیت کە خودا دەزانێت لە چ کاتێکدا پێویستە ئەو شتەت پێ بدات، لە چ کاتێکدا ئەو دەرگە ئەستەمە دەکاتەوە، لە چ کاتێکدا شیفاتدەدات، دڵنیابە کە هەموو شتەکان بۆ تۆ حیکمەت و ڕەحمەت و خێرە ئازیزی من، سووربە لەسەر نزاکردنت، خودای گەورە ئەوانەی خۆشدەوێت کە لەسەر داواکانیان سوورن.**

**بێبەشبوون لە نەرمونیانی**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {من يحرم الرفق يحرم الخير كله}، واتە: "هەر کەسێک لە نەرمونیانی بێبەشبێت، ئەوە لە هەموو خێرێک بێبەشبووە".**

**نەرمونیانی کردنەوەی هەژماری دڵەکانە، بەبێ تێپەڕەوشە نەرمونیانی کلیلی بەدەستهێنانی دڵەکانە، نەرمونیانی بنیادنەری کەسێتییەکی سەرکەوتوو و کاریگەرە، نەرمونیانی لە لای خەڵکی**

خۆشەویستتدەکات، پەیامبەر(د.خ) خۆی کەسێتییەکی نەرمونیان و لەسەرخۆی هەبووە، با ئێمەیش چاو لە ئەو بکەین، سونەتەکانی ئەو دووبارەبکەینەوە، ئەو کاتە ئەنجامەکەی لە ژینماندا دەبینین، بەڵام بەداخەوەم کە دەڵێم زۆربەمان چاو لە کەسانێک دەکەین کە هەتا ئێستا سوژدەیەکیان بۆ خودا نەبردووە، یاخود باشترە بڵێم کە تەنها لە مانگە پیرۆزەکان وەک ڕەمەزان یان یەکێک لە یادە پیرۆزەکان یان لە کاتە ناخۆشەکان باشترە بڵێم کە خودایان بیردەکەوێتەوە، با چاو لە ڕەوشت و نەرمونیانی ڕەسولی خودا، پێشەوای مرۆڤایەتی بکەین، ئایا ئێستا ئێمە لەگەڵ خەڵکیدا نەرمونیانین، لەگەڵ منداڵ و دایکوباوکماندا نەرمونیانین؟! لە گوفتار و کردەوەمان نەرمونیانین، یاخود هەمیشە لە توڕەییدا دەکوڵێین خودا خودای کەسێکمانە کە بێت و پێیدا بڕێژین؟!

سڵاو لە یەکتری بکەن

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {افشوا السلام بینكم تحابوا}، واتە: "سڵاو لە یەكتری بكەن، یەكتریتان خۆشدەوێت".

ئەم فەرموودەیەی ڕەسولی خودا كە دەفەرموێت سڵاو لە یەكتری بكەن، یەكتریتان خۆشدەوێت، سڵاوكردن، ئێمە هەموو ڕۆژێک دووبارەیدەكەینەوە، بەڵام بەداخەوە لەبریی ئەوەی كە بە وەڵامە گونجاوەكەی خۆی بێت، دەڵێین سەرچاوم، وەک ئەوە وایە كە منەت بەسەر یەكتریدا بكەین، كە كەسێک سەلاممان لێ بكات، باشترە بڵێم كە داماو ئەو كەسەیە كە پێت دەڵێت سلام علیكم، واتە سڵاوی خودات لێ بێت، هەندێكمانیش چەندە ڕووقایمانە دەڵێین سەرچاو! لەبریی ئەوەی كە وەڵامەكەمان سلام علیكم و رحمة الله، واتە سڵاوی خودا و ڕەحمەتی خودا بەسەرتدا بڕژێت! ئێمە دەڵێین سەرچاوم، كەسی موسڵمان دەبێت سلام علیكم سڵاوەكەی بێت و سلام علیكم و رحمة الله وەڵامەكەی بێت نەک سەرچاوم، ئەمە لەگەڵ ڕەوشتی موسڵمانان پێچەوانەیە، با

**سڵاو لە یەکتری بکەین، بۆئەوەی خۆشەویستی لە نێوانماندا دروستببێت، بۆ ژینێکی باشتر، بۆ ژینێکی ئارامتر.**

**نیشانەی کەسی دووڕوو**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {آية المنافق ثلاث إذا حدث كذب، وإذا وعد أخلف، وإذا أؤتمن خان}، واتە:**

**"نیشانەی مرۆڤی دووڕوو سێ شتە: ئەگەر قسەبکات، درۆدەکات؛ ئەگەر بەڵێنبدات، نایباتەسەر؛ ئەگەر ئامانەتی لە لا دابنرێت، ئەوا خیانەتی لێ دەکات".**

**بەڕاستی کە ئەم فەرموودەیەم خوێندەوە، وەک بڵێییت ڕایچڵەکاندم! وەک بڵێییت ترسێک لە دڵمدا دروستبوو، خودای گەورە دەبێت ئێمە چەند لەگەڵ تۆ و لەگەڵ دروستکراوەکانتدا دووڕوو بین، هەڵبەت ئێمە هەندێکمان**

**لەگەڵتدا زۆر دووڕوو بووین، خودایە، لێمان ببورە و لێمان خۆشببە، چەند جار بەڵێنمانداوە، خودایە، نوێژدەکەین، بەڵام ئەوەمان بۆ جێبەجێبکە، بەڵام دواتر کە بۆی جێبەجێکردووین، دووڕوو بووین لە بەرانبەری، لە بەرانبەر کێ خودای تاک و تەنها! چەند جار بەڵێنمان بە خودا داوە و شکاندوومانە! ماڵوێران خۆمان! چەند جار کەسێک متمانەی پێ کردووین و ئامانەتی لە لا داناوین، بەڵام خیانەتمان لێی کردووە! چەند جار درۆمانکردووە! چەند جار بەڵێنمان شکاندووە! خودایە، ئەوەندە تاوانبارین، وەک ئەو پیاوەی کە دەیفەرموو خودایە بە ڕەحمەتی تۆ نەبێت، ناچینە بەهەشتەوە.**

**ئەگەر دووکەس**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {اذا کان اثنان یتناجیان فلا تدخل بینهما}، واتە: "ئەگەر دوو کەس بەنهێنی قسەیانکرد، مەڕۆ نێوانیانەوە".**

ماشەڵڵا لە ڕەوشتبەرزیی پەیامبەری خودا(د.خ)، ماشەڵڵا لە ئەو کەسێتییە بەرز و نایابە. ئایا ئێمە هەتا چەند جێبەجێکەری ئەم فەرموودەیەی پەیامبەرین(د.خ)، پێمان دەفەرموێت کە ئەگەر دوو کەس بەنهێنی قسەیانکرد، مەچنە نێوانیانەوە، بەڵام هەندێکمان کە دوو کەس بەنهێنی قسەدەکەن، بۆ نموونە: خوشک و برایەکی موسڵمان قسەیەکی نهێنی دەکەن، یەکسەر بۆچوونمان بۆ لایەکی خراپ دەڕوات، لەوەیە هەندێکمان بڵێین ئەها ئەوەتا وەک زمانە بازاڕییەکەی خۆمان کە پڵاندی، ئەرێوەڵڵا ئیشی خۆی کرد کاکم! ئەمە کەی لە ڕەوشتی ئێمەی موسڵمانە دۆستان و ئازیزانم؟! ئەمە کەی ڕەوشتی پەیامبەر بووە، ئێمە چۆن لە ڕۆژی دواییدا لە ڕوومان بێت کە بڵێین خودایە ئێمەی لە ئومەتی موحەممەدین، لە نەتەوەی ڕەسولەکەی تۆین؟! ئەگەر دوو کەس بەیەکەوە بەنهێنی قسەدەکەن، ئێمە ڕاستەوخۆ دەمانەوێت بچینە نێوانیانەوە، ئاخر بابە ئەمە کەی کاری ئێمەیە؟!

## نزیکترینتان لەمن

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {اقربکم مني مجلسا یوم القیامه احسنکم اخلاقا}، واتە: "لە ڕۆژی قیامەتدا نزیکترینتان لە منەوە ڕەوشتجوانترینتانە".

ئاخر نزیکترین لە کێ؟! لە ڕەسولی خودا، لە سەروەری مرۆڤایەتی ئازیزانم، دەی ئەگەر ئارەزوومانە، ئاواتمانە لە ڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ ڕەسولی خودادا بین، بەڵکو لە ئەوەوە نزیکترین بین، ئەوکەسەیە کە جوانترین ڕەوشتی هەیە، دەی با ئێمە ڕەوشتمان جوانبکەین، کردەوە و گوفتارمان یەک قسە بێت، نەک وەک کوردەواری گوتەنی: بانێک و دوو هەوا بین! یاخود یەک ئایین نەبین لە بەرانبەر قسەی خۆمان! ئەگەر دەمانەوێت لە سەروەری مرۆڤایەتی نزیک بین، با ڕەوشتمان جوانبکەین، ڕەوشتمان لەگەڵ دایکوباوک و لەگەڵ برا و خوشکانمان، لەگەڵ مامۆستایانمان، لەگەڵ کارگوزارەکان، لەگەڵ منداڵەکان، لەگەڵ باڵندەکان، لەگەڵ ئاژەڵەکان، با خاوەنی ڕەوشتێکی

جوان بین و بەبەزەیی و چاوی میهرەوە سەیریانبکەین، خودای گەورە ڕەحم بە ئەو کەسانە دەکات کە ڕەحم بە خەڵکی دەکەن، وەک ئەو فەرموودەیەی کە پەیامبەر(د.خ) کە دەفەرموێت: "من لا یرحم الناس لا یرحمه الله"، واتە: "ئەوەی ڕەحم بە خەڵکی نەکات، خودایش ڕەحمی پێ ناکات".

باشترین بەندەکانی خودای گەورە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {ان افضل عباد الله یوم القیامة الحمادون}، واتە: "باشترین بەندەکانی خودای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوانەن کە زۆر سوپاسی خودای گەورە دەکەن".

دۆستان و خۆشەویستانم، ئێمە هەتا چەند لە دڵمانەوە و بە نیەتێکی پاکەوە سوپاسی خودای گەورە دەکەین، نەک تەنها بە قسەی سەر زارەکی! ئەی ئازیزان و دۆستانم، ئەی خوشک و برای موسڵمانم، ئێمە هەتا چەند لە کاتە ناخۆشەکاندا

سوپاسی خودای گەورە دەکەین، وەک چۆن لە کاتە خۆشەکاندا سوپاسی خودای گەورە دەکەین! ئەی ئازیزانم، ئێمە هەتا چەند سوپاسی خودای گەورە دەکەین، کاتێک شتێکی ئازیزمان لێ دەستێنێتەوە، بۆئەوەی شتێکی نایابترمان پێشکەشبکات! ئەی خۆشەویستانم، ئێمە هەتا چەند لە کاتە هەرە سەختەکاندا سوپاسی خودای گەورە دەکەین! یاخود تەنها لە ئەو کاتانەی کە دڵخۆشین، سوپاسی ئیلاهی دەکەین! دەی ئەگەر دەمانەوێت لە ڕۆژی قیامەتدا ئێمە لە باشترین بەندەکانی خودا بین، ئەوا با لە ئەوانە بین کە زۆر سوپاسی خودای گەورە بکەین، هەم لە کاتە ناخۆشەکاندا، هەم لە کاتە خۆشەکاندا، هەمیشە لە کاتی بەڵا و موسیبەتدا.

خودای گەورە پێی خۆشە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {إن الله يحب إذا عمل أحدكم عملا أن يتقنه}، واتە: "خودای گەورە پێی خۆشە، ئەگەر یەکێک لە ئێوە کارێکی کرد، بە ڕێکوپێکی و تەواوی بیکات".

ئایا چەند لە ئێمە کارەکەمان بەتەواوی و بەڕێکوپێکی دەکەین! ئایا چەندێک لە ئێمە ئەم قسەیەی پەیامبەر(د.خ) لە ژینماندا جێبەجێدەکەین؟! چەندمان لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر، لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێکی تر، لە پڕۆژەیەکەوە بۆ پڕۆژەیەکی تر! هەتا کەی بە ئەم شێوەیە بین، هەتا کەی وا بکەین کە خودا ڕەحممان پێ نەکات، لەبریی بەزەیی غەزەبمان بۆ بنێرێت! با ئەم قسەیەی ڕەسولی خودا کە دەفەرموێت خودای گەورە پێی خۆشە، ئەگەر یەکێک لە ئێوە کارێکی کرد، بە ڕێکوپێکی تەواوی بکات، بکەین بە پڕۆگرامی ژینمان، ئەو کاتە دەبینین کە چۆن سەرکەوتن ڕوومان تێ دەکات و، یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتن ئەوەیە کە بەتەواوی و ڕێکوپێکی بیکەین، ئەو کاتە بەسەرکەوتوویی هەنگاوی یەکەممان دەبڕین و دەچینە هەنگاوی دووەمەوە.

## خودای گەورە خۆشیدەوێت

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {إن الله يحب العبد التقي الغني الخفي}، واتە: "خودای گەورە بەندەی خۆپارێز، لەخوداترس، دەوڵەمەند، نەناسراو و شاراوەی خۆشدەوێت".

ئێمە هەتا چەند دەوڵەمەندیمان بۆ کڕینی بەهەشت لە ئەم دونیایەدا بەکاردەهێنین! ئەی خوداپێداوان، ببەخشن لەپێناوی خودا، لە ئەم دونیایەدا بەهەشت بکڕن، بە سامانێک کە خودای گەورە پێی بەخشیون و لە پێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو و خۆشەویستیی ئەو بیبەخشن، ماڵ بە بەخشین کەمناکات ئازیزان و خۆشەویستان، وەک پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {ما نقص مال عبد من صدقة}، واتە: "ماڵ بە بەخشین کەمناکات". ئەی چەندێک لە ئێمە بە نەناسراوی خێر و چاکە دەکەین و سناپیناکەین و لە لای یەکترییش باسیناکەین؟! چەندێکمان بۆ پۆز ناڵێین ئەها چییە، جا بابە منیش خێرمکرد، ئەمڕۆ دامە فەقیرێک، ئازیز، ئەگەر خێرمانکرد، با ئەوە ڕەوشتمان بێت کە بە دەستی ڕاست

**کردمان، دەستی چەپ ئاگاداری ئەم کارە نەبێت، ئەی ئازیزان، چەندێک ئێمە لەخوداترسین و خۆپارێزین، خۆپارێزین لە نەزەڕ، لە سەیکردنی جەستەی بەرانبەر، لە خواردنی ماڵی حەرام، لە درۆکردن، لە بوختانکردن؟!**

**ئەوانەی کە بۆ خودا یەکترییان خۆشدەوێت**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {المتحابین فی الله فی ضل العرش}، واتە: "ئەوانەی کە بۆ خودا یەکترییان خۆشدەوێت، لە ژێر سێبەری عەرشی خودادان".**

**ئازیزان، ئایا ئێمە هەتا چەند یەکتریمان لەپێناوی خودادا خۆشدەوێت، ئایا ئێمە ئەوەندەی لەبەر مەرج(بەرژەوەندی) یەکتریمان خۆشدەوێت، لەبەر خودای گەورە یەکتریمان خۆشدەوێت؟! ئایا ئەوەندەی ئێمە بە دوای دەرخستنی عەیبی یەکترییەوەین، ئەوەندە بە دوای دەرخستنی جوانییەکانی یەکترییەوەین؟! ئایا ئەوەندەی ئێمە لەسەر شتنی بێمانا، لەسەر پۆبجی(یارییەکی ئەلیکترۆنییە) ڕق لە یەکتری**

هەڵدەگرین، ئەوەندە لەسەر نوێژەکانمان و لەسەر قورئانخوێندمان ڕق لە یەکتری هەڵدەگرین؟! ئایا ئەوەندەی ئێمە لەسەر پارە و لەسەر ئۆتۆمبێل ڕق لە یەکتری هەڵدەگرین، لەبەر زەکات و لەبەر خێرکردن ڕق لە یەکتری هەڵدەگرین، ئایا ئێمە یەکتریمان لەبەر خودا خۆشدەوێت؟! ئایا ئێمە خۆمانمان خۆشدەوێت؟! ئایا بەس نەبێت، کاتی ئەوە نەهاتووە کە واز لە ئەو شتە بێمانایە بهێنین کە زیان بە قیامەت و دونیامان دەگەیەنن، زیان بە ئومەتی موسڵمانان دەگەیەنن؟! با بەخۆماندا بچینەوە، با یەکتریمان لەبەر خودا خۆشبوێت.

## ڕازیبوونی پەروەرێن

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {رضا الرب في رضا الوالدين وسخطه في سخطهما}، واتە: "ڕەزامەندیی خودای گەورە لە ڕەزامەندی دایکوباوکدایە و، توڕەیی خودای گەورە لە توڕەیی دایکوباوکدایە".

کاتێک دایکوباوکمان لێمان ڕازیین، ئەوا خودای گەورەیش لە ئێمە ڕازیدەبێت! کاتێک ئەوان لێمان توڕەبن، خودایش لێمان توڕەدەبێت، ئاخر خودا کەم نییە ئازیزان! ئاخر توڕەبوونی خودا وەک توڕەبوونی مرۆڤەکان نییە ئازیزانم، ئاخر ئێمە هەتا چەند بەپێی ئەو فەرموودەیە دەڕۆین، هەتا چەند لەسەر خواردن، لەسەر چوونەدەرەوە، لەسەر جلوبەرگ، لەسەر پارە، لە دایکوباوکمان توڕەنەبووین، چەند جار شەڕماننەکردووە؟! هەتا چەند لەبریی ئەوەی کە بڵێین دایکە خۆشەویستم، باوکی کۆڵەکەی ماڵەکەمان، چرای ماڵەکەمان، ئێوەم هەبن، ئیتر دونیا بۆ من بەسە، گوتوومانە دە بڕۆ تخوا، تۆ کەی باوکیت، تخوا تۆ کەی دایکیت، نازانیت چێشتی خۆش لێبنێیت، ئاخر چۆن خودا لێمان ڕازیدەبێت کە بە ئەم شێوەیە بین، ئاخر نزای دایکوباوک لە لای خودای گەورە قبوڵە و ڕەتبوونەوەی نییە، ئاخر ئەی ئەگەر دایکوباوکمان لە لای ئەڵڵا نزایان لێ کردین، ئێمەی داماو چی بکەین؟!

## باوەڕدار دەمپیس نییە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {لیس المؤمن بالطعان، ولا اللعان، ولا الفاحش، ولا البذيء}، واتە: "باوەڕدار تانە و تەشەدار و نەفرەتکار و جنێوفرۆش و دەمپیس نییە".

ئێمە با لە خۆمان بپرسین خۆشەویستانم، ئێمە هەتا چەند نەفرەتکار نین؟ ئێمە هەتا چەند بەرانبەر بە ڕەگەزی بەرانبەر تەشەنەدار و توانجچی(تەعلیقچی) نین، یاخود هەر کەسێک بێت کە بمانەوێت توانجی لێ بدەین، بە خۆیشمان دەڵێین باوەڕدار، بەڕاستی ئەو قسەیەی ئێمە وەک بانێک و دوو هەوا وایە! ئێمە هەتا چەند یەکتری بەنەفرەتناکەین! هەتا چەند بەرانبەر بە یەکتری دەمپیس نین، بەتایبەتی ئەم جارە ڕوودەکەمە هەندێک لە برایانی موسڵمان، کە بە ناوی هاوڕێیەتیەوە، بە ناوی زۆر ناشرین یەکتری بانگدەکەن، بۆ نموونە: موحەممەد ناوی سەروەری مرۆڤایەتییە، دەڵێین حەمە! یان بە بەندەی خودا، بە عەبدوڵڵا دەڵێین عەبە! ئاخر ئەمە

چۆن، یان بە یەکتری دەڵێین دە بڕۆ ئەو لاوە کوڕی سە*گ، یان دەڵێن وەلبە، وەک ئەوەی کە بە ئاژەڵێک دەڵێین نەک مرۆڤێک! بۆ ئەم قسانە ببورن، بەڵام شتێکی واکەوتییە، یاخود بە ناوی خۆشەویستی و لێکنزیکییەوە جنێو بە یەکتری دەدەین، ئەمانە ڕەفتاری باوەڕدار نین، نا!

## نیشانەی باشیی مرۆڤی موسڵمان

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {من حسن إسلام المرء ترکه مالا یعنیه}، واتە: "نیشانەی باشیی مرۆڤی موسڵمان ئەوەیە کە واز لە کارێک بهێنێت کە پەیوەندیی بە ئەوەوە نەبێت"، واتە خۆهەڵقورتێنەر نەبێت.

ئەم فەرموودەیەی ڕەسولی خودا پڕبەپێستی هەندێکمانە، ماشەڵڵا لە ڕەوشتبەرزیی پەیامبەر(د.خ) کە فەرمانمان پێ دەکات، تێکەڵی کارێک نەبین و واز لە کارێک بهێنین کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نەبێت و، خۆمان لە هەموو شتێک نەکەین بە ڕیشسپی و خۆمانی تێ هەڵنەقورتێنین، بەڵام ئایا

هەموومان واین؟! هەندێک جار هەبووە کە شتێک پەیوەندیی بە ئێمەوە نەبووە، چووین و خۆمان خستووەتە ناوییەوە، ئاخر ئەمە کاری موسڵمانی باش نییە، ئەمە پێچەوانەی فەرموودەکەی ڕەسولی خودایە، چەند جار هەبووە کە شەڕی هاوڕێکانمان کە هیچ پەیوەندیی بە ئێمەوە نەبووە، خۆمان خستووەتە ناوی، لە کاتێکدا هەر کاری بە ئێمەوە نییە، بە ناوی گیانفیدااییەوە لەپێناوی هاوڕێیەتی و برایەتیدا خۆمان تەداخولی ئەو شەڕە دەکەین، کە لەوانەیە کەسی بەرانبەر کە ئێمە وای بۆ دەکەین، ئەو بۆ ئێمە وا نەبێت، بەڵکو لە کاتی تەنگانەدا هەر بەجێمانبهێڵێت.

هەر کەسێک لە ئێوە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {من استطاع منكم أن ينفع أخاه فلينفعه}، واتە: "هەر کەسێک لە ئێوە توانای سوودگەیاندنی بە براکەی هەبوو، با سوودی پێ بگەیەنێت".

ئازیزانم، خودای گەورە ئێمەی بە بەهرەیەکەوە ئافراندووە، واتە هەر یەکێکمان خاوەنی بەهرەیەکی تایبەتین، با بەو بەهرەیەی کە هەمانە، بتوانین قیامەتمان بەدەستبهێنین، بتوانین بەهەشت بەدەستبهێنین، ئەوەتا ڕەسولی خودا فەرمانمان پێ دەکات کە یارمەتیی برا موسڵمانەکانمان بدەین، هاوکاری خوشکە قەدرگرانەکانمان بکەین؛ خۆشەویستان، یارمەتیی هەر کەسێک بدەین، ئەوا دڵنیابن کە هەم لە ئەو دونیا و هەم لە ئەم دونیا دێتەوە ڕێگەمان، جا چ بە لاچوونی بەڵایەک لەسەرمان بێت، یان بە هاوکاریکردنمانەوە لەلایەن خەڵکییەوە بێت؛ خۆشەویستان، دونیا کاتییە، با ئەوەی کە دەیزانین، لەپێناوی خودادا یارمەتیی برا و خوشکە موسڵمانەکانمان بدەین؛ دۆستانم، چاکەبکە، چاکە دێتەوە ڕێت، مەرج نییە کە ئەو چاکەیەی تۆ دەیکەیت، هەر بواری ماددی بێت، دەکرێت فێرکردنی زمانێکی وەک زمانی عەرەبی، ئینگلیزی بە موسڵمانان یان فێرکردنی قورئانی پیرۆز، یان بابەتە زانستییە شەرعییەکان بێت، دڵنیا بن کە خودای گەورە بە باشتر پاداشتماندەداتەوە.

**تۆبەکار لە تاوان**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {التائب من الذنب کمن لا ذنب لە}، واتە: "تۆبەکار لە تاوان وەک ئەو کەسە وایە کە هیچ تاوانی نەبێت".**

**هەرگیز لە تەوبەکردن و گەڕانەوە بۆ لای خودا ماندوومەبە،**
**تەنانەت ئەگەر تاوانەکەیشت دووبارەکردەوە،**
**ئایا ئەگەر جلەکانت پیسببنەوە، دووبارە پاکیانناکەیتەوە؟!**
**دەی، بۆ تاوان و تۆبەکردنیش هەر وایە،**
**دووبارە و دەبارە و هەزاربارەیش**
**هەر تەوبەبکەوە و مەوەستە و لە تەوبە دودڵمەبە؛ ئازیزانم، پەیامبەرێک کە خودای گەورە لە گوناحی پێش و پاشی خۆشبووبوو، ڕۆژی سەد جار داوای لێخۆشبوونی لە خودا دەکرد، ئەی دەبێت ئێمەی گوناحبار ڕۆژانە چەندێک تەوبەبکەین؟ ئەی دەبێت ئێمەی گوناحبار و سەرپێچیکاری خودا کە گوێ لە گۆرانی دەگرین، چەندێک گوناحبار بین،**

وەک ئەبوبەکری سدیق دەڵێت: "ئەگەر حەفتا جار تەوبەت شکاند، هەر تەوبەبکە"، وەک لوقمانی حەکیم بە کوڕەکەی دەڵێت: "کوڕی شیرینم، تەوبە دامەخە، چونکە مردن لەناکاو دێت"، بەڵێ ئازیزان، با تەوبەبکەین، مردن لەناکاو دێت.

ڕووخۆشی و زەردەخەنە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {تبسمک في وجه اخیک صدقه}، واتە: "ڕووخۆشیت و زەردەخەنەت لەگەڵ براکەتدا خێر و چاکەیە".

ئەگەر بە جیهانی ئەلیکترۆنی بڵێم، زەردەخەنە تێکشێنەری هەموو کۆد و سیستەمەکانە! ئەگەر ناخیشەوە بڵێم، زەردەخەنە کلیلی کلۆمی دڵەکانە، ئەگەر لە ڕووی دەروونناسییشەوە بڵێم، زەردەخەنە دەبێت بە هۆی کەمکردنەوەی ماندووبوون، ئەگەر لە ڕووی هەستەوە بیڵێم، هەندێک کەس لەبەر ئەوەی کە زۆر پێدەکەنن، کەس بڕوا بە خەمەکانیان ناکات، بەڵام من پێت دەڵێم کە پێبکەنە، زەردەخەنەبکە، ئێمە خاوەنی ئایینێکین کە بە

زەردەخەنە چاکەمان بۆ دەنووسرێت؛ ئازیزم، زەردەخەنە بە ڕووی خەمەکانی ژیندا بکە، زەردەخەنەبکە برای موسڵمان و خوشکی قەدرگرانم، ئەو زەردەخەنەیە دەبێت بە هۆی کردنەوەی دڵان و خۆشەویستبوونت لە لای خەڵکی، لەوەیە ئەو زەردەخەنەیەی کە تۆ بۆ برایەک و خوشکێکی موسڵمانت دەیکەیت، ناڕەحەتییەک، ئازارێک، خەمێک لەسەر دڵی ئەو بەندەیەی خودا لاببات، ئازیزی من، بە لابردنی خەمی دڵی بەندەیەک تەنها زەردەخەنەیەک پێویستە و هیچی تر نا.

ئەگەر یەکێک لە ئێوە توڕەبوو

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {إذا غضب أحدكم فليسكت}، واتە: "ئەگەر یەکێک لە ئێوە توڕەبوو، با بێدەنگ بێت و قسەنەکات".

کاتێك مرۆڤ تووڕەدەبێت، لێدانی دڵی زیاددەکات و ڕێژەی پەستانی خوێن و هۆرمۆنی وزە و ئەدرینالین و نورئەدرینالین و هۆرمۆنەکانی تر بەرزدەبێتەوە.

تورەیی دوو جۆری هەیە: یەکێکیان سروشتییە و ئەوی تریان نەخۆشییە و، تورەیی حاڵەتێکی دەروونییە کە ڕووبەڕووی هەموو مرۆڤەکان دەبێتەوە و هەندێك جار بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە بۆ نەخۆشی دەگۆڕێت. چارەسەری تورەبوونیش ئەمانەن:

گوتنی 'اعوذ بالله من الشیطان الرجیم' لە کاتی تورەبووندا هەوڵدان بۆ ئەوەی کە بەسەر نەفسی خۆتدا زاڵببیت و خۆت لە سەر هێمنی پەروەردەبکەیت، خۆت لە هۆکارەکانی تورەبوون بەدووربگریت، تورەبوونیش لە شەیتانەوەیە و پێویستە خۆمانی لێ بەدووربگرین و، کاتێک بەپێوەبووین، ئەوا دابنیشین و ئەگەر دایشنیشتبووین، ئەوا هەستین یان هەتا دە بژمێرین، بە ئەم شێوەیە تورەبوونمان کەمدەبێتەوە.

هاوڕێیەتیکردنی باوەڕداران

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {لا تصاحب الا مؤمنا}، واتە: "جگە لە باوەڕدار هاوڕێیەتیی هیچ کەسێک مەکە".

ئەم فەرموودەیەی پەیامبەر(د.خ) زۆر دانا و حەکیمانەیە، لەوانەیە بپرسن بۆچی؟! چونکە هاوڕێ ئاوێنەی هاوڕێیە، وەک دەڵێن: "پێم بڵێ کە هاوڕێکەت کێیە، پێت دەڵێم کە تۆ کێیت"، هاوڕێ خووی هاوڕێ هەڵدەگرێت، سیفاتی هاوڕێکەی هەڵدەگرێت. ڕەسولی خودا فەرمانی پێ کردووین کە هاوڕێی باوەڕدار بۆ خۆمان دیارییکەین و هەڵیبژێرین، چونکە خووی ئەو باوەڕدارە وەردەگرین، ئەها وەک دەڵێن: "ئەگەر پێنج هاوڕێت هەبوو و تۆ شەشەمیان براویت، هەر پێنجیان زیرەک بوون، تۆیش شەشەم زیرەکیانیت"، ئەگەر هەر شەشیان باوەڕیان لاواز بوو و شەقاوە بوون، لەگەڵ ڕێزمدا ئەوا تۆ شەشەمیانیت! 'هاو-ڕێ' واتە هەتا هاوڕێگاتە، واتە هاوخەمتە، واتە هاوئازارتە، لەگەڵ سەرکەوتنتدا دڵخۆشە و لە سەرنەکەوتن و شکستتدا هانتدەدات و ورەت بەرزدەکاتەوە،

ئەمەیە هاوڕێی ڕاستەقینە، جگە لە باوەڕدار هاوڕێیەتیی هیچ کەسێک مەکە، چونکە هەر هاوڕێی باوەڕدارە کە بەرەو ڕێی ڕاستەقینەت دەبات، ڕێی ڕاست و دروستت نیشاندەدات، هەر ئەو خەمی قیامەت و پاشان دونیای تۆیەتی.

زۆر پێمەکەنە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {لا تكثر الضحك فان كثرة الضحك تميت القلب}، واتە: "زۆر پێمەکەنە، زۆر پێکەنین دڵ دەمرێنێت".

لە بابەتێکدا باسی سوودەکانی پێکەنین و زەردەخەنەمان کرد و، پەیامبەریش(د.خ) فەرموویە: {تبسمک في وجه اخيک صدقه}، واتە: "ڕووخۆشی و زەردەخەنەت لەگەڵ براکەتدا خێر و چاکەیە"، بەڵام بە شێوەیەک نا کە زۆر پێبکەنیت، چونکە زۆر پێکەنین باوەڕ لاوازدەکات، ڕێگەنادات کە چێژ لە باوەڕەکەت وەربگریت، لەزەت لە قورئان خوێندن نابینیت؛ ئەگەر قاقای پێکەنینت زۆر بوو، دڵ دەمرێت وەک فەرموودەکەی

پەیامبەر(د.خ)، ئەگەر دڵیش مرد، ئەوا ڕوخسارت شەکەت و ماندوو هەڵدەگەڕێت، بەڵام کە دڵ ژیا، ئەوا ڕوخسارت نەرمدەبێت، جەستەیشت بۆ خودا دەسوڵحێت و، هەندێک لە زانایانیش دەڵێن ئەوەی کە زۆر پێبکەنێت، مێشکی تەرکیزی نامینێت، زۆر پێکەنین سیفەتی کافرانە، خودا پەنامانبدات، دڵیشمان ڕەقدەبێت، لە ڕۆژی قیامەتیشدا زەرەردەکەن، بۆیە دەبێت زۆر پێنەکەنین، سام و هەیبەتت ناهێڵێت، کەسایەتییشمان لاوازدەکات، ناڵێم عەبوساوی بە، ناڵێم زەردەخەنەمەکە، زەردەخەنەبکە، بەڵام زۆر پێمەکەنە و سنورداریبکە.

## گەڕان بە دوای زانستدا

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {طلب العلم فريضة على كل مسلم}، واتە: "گەڕان بە دوای زانستی شەرعیدا لەسەر هەموو موسڵمانێک فەرزە".

پێغەمبەر(د.خ) لە ئەم فەرموودەیەدا فەرموویە کە لەسەر هەموو موسڵمانێک فەرزە بە دوای زانستی شەرعیدا بگەڕێت، لەوەیە بپرسن بۆچی؟! هۆکارەکەی بۆ زیاتر شارەزابوون لە ئایینی خودا دەگەڕێتەوە، لە حیکمەتەکانی خودا لە ژینی پەیامبەران و، فێربوونی زانستی شەرعی زیاتر بەرزبوونەوەی باوەڕداریتە بەهۆی ئەوەی کە لەوەیە هەندێک شتی نوێ فێرببیت کە بەتایبەتی بۆ ژینت پێویستن، بۆ نموونە: زانستە فیقهییەکان ...، زانستی دونیاییش لەسەر موسڵمان پێویستە کە خۆی فێربکات، بۆ نموونە: زانستی تەکنەلۆژیا وەک وڵاتانی ئەوروپایی، بتوانین لە خزمەتی موسڵماناندا بەکاریبهێنین، یاخود زانستی گەردووناسی، یان زانستی فیزیا، کە لە پێشوودا زانای تایبەتی موسڵمانان هەبوون کە خزمەتیان بە گەلی ڕۆژئاواییش کردووە، وەک: بەیرونی و ئیبن هەیسەم ...، لە پێشوویشدا زانستی موسڵمانان زۆر لە پێش زانستی ئەوروپاییەکانەوە بووە.

**غەیبەت ئەوەیە**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {الغيبه ذكرك أخاك بما يكره}، واتە: "غەیبەت ئەوەیە کە باسی براکەت بە شتێک بکەیت کە پێی ناخۆش بێت".**

**ئەو تاوانەی کە حەقی خەڵکە و بە نوێژ وعیبادەت لەسەرت لاناچێت، تەنها بە گەردنئازادیی ئەو کەسە نەبێت کە غەیبەتیتکردووە، بەڕاستی غەیبەتکردن لەسەر زمان زۆر ئاسانە، بەڵام لە ڕۆژی قیامەتداماڵوێرانییە.**

**خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: {وَلا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضاً أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتاً فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ}، واتە: "لە پاشملە ناوی یەکتری بە خراپە مەبەن و غەیبەتی یەکتری مەکەن، ئایا کەستان پێی خۆشە کە گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات، چونکە غەیبەتکردن وەك خواردنی گۆشتەکەیە بە مردوویی، ئاشکرایە کە ئەوەتان زۆر پێ ناخۆشە و قێزی لێ**

دەکەنەوە و حەزی پێ ناکەن، جا مادام وایە، ئاوهایش ڕقتان لە غەیبەتکردن بێت و سڵی لێ بکەنەوە و لە گوتنی ڕابکەن. دەی خۆشەویستانم، ئێمە لە چەند مەجلیس دانیشتووین و باسی براکەمان بە ناشرینی کراوە و پێکەنیوین و قاقای پێکەنینمان گەیشتووە بە ئاسمان. خودایە بە ڕەحمی خۆتمان لەگەڵدا بکە و لێمان خۆشببە.

مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسەدا حەشردەکرێت

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {المرء مع من أحب}، واتە "مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسەدا حەشردەکرێت کە خۆشیدەوێت".

ئەم فەرموودەیەی پەیامبەر(د.خ) زۆر ئارامبەخشە بە دەروون، وا دەکات کە بە دیدێکی ترەوە لە مردنیش بڕوانین نەک تەنها ژین، لەوەیە لە ئەم دونیایەدا ئێمە ئازیزێکمان لەدەستدابێت، بەڵام ئێمە هەر خۆشمانبوێت، ئەوا دڵگرانمەبە ئازیزم، لە

قیامەتدا لەگەڵ ئەو کەسەدا حەشردەکرێین، با بڵێین
ئازیزێکت پڕبەدڵ خۆشویستووە، ئەوا لەگەڵ ئەودا
حەشردەکرێیت خۆشەویستم، خودای گەورە زۆر دادپەروەرە،
لە هەر بڕیاڕێکی خودا دڵگرانمەبە کە لە ژینتدا ڕوودەدات،
دڵنیابە کە لەگەڵ ئەو کەسەدا حەشردەکرێیت کە
خۆشتدەوێت! دەی ڕەسولی خودا، من خۆشمدەوێیت، ڕۆحم
بە فیدات بێت، ئینشائەڵڵا لە ڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ تۆدا
حەشردەکرێین، امین اجمعین، دڵگرانمەبە کە دایکت، باوکت،
برات، خوشکت، مامەت لەدەستداوە و تۆ پڕبەدڵ
خۆشتدەوێت، دڵنیابە کە لەگەڵ ئەواندا حەشردەکرێیت و
ئینشائەڵڵا لە بەهەشتی خودای گەورەدا پێیان شاددەبیتەوە.
لەخودای گەورە داواکارم کە لەگەڵ ڕەسولی خودادا
حەشرمانبکات.

باشترین باوەڕ

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {أفضل الإيمان الصبر والسماحة}، واتە: "باشترین باوەڕ ئارامگرتن و لێبوردەییە".

ئارامگرتن لە تاقیکردنەوەکانی ژین گوڵێکە کە ناکەوێتە نێو باخی هەموو کەسێکەوە، ئارامگرتن بریتییە لە نزاکردن و چاوەڕوانبوون نەک ناشکوری و ناچاربوون، ئارامگرتنیش ئاسان نییە، هەربۆیە پاداشتێکی بێئەندازە وەردەگریت، {فاصبر ان وعد الله حق}، "ئارامبگرە، بەڕاستی بەڵێنی خودا حەقە و دێتەدی"، لە ئایەتێکی تریشدا خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: {ان الله مع الصابرين}، واتە: "خودای گەورە لەگەڵ ئارامگراندایە"، ئەیوب هەژدە ساڵ، یەعقوب چل ساڵ، یوسف بیست و حەوت ساڵ لە زیندان، بەڵام ئەنجام و پاداشتی چاوەڕواننەکراو، یەکێک لە نەخۆشی چاکدەبێتەوە و خودا شیفایدەدات، بە ئیزنی خودا یەکێک چاوەکانی بینایی بۆ دەگەڕێتەوە و پاشان بە کوڕەکەی شاددەبێتەوە، یەکێکیش لە زیندان ئازاددەبێت و دەبێت بە عەزیزی میسر، ئەمە ئەنجامی

**ئارامگریی خۆشەویستانە! خودای گەورە لەگەڵ ئارامگراندایە و ئارامگرانی خۆشدەوێت.**

**نزیکترین کات**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {أقرب ما یکون العبد من ربە وهو ساجد فأکثروا الدعاء}، واتە: "نزیکترین کات کە بەندە لە خوداوە نزیک بێت، لە کاتی سوژدەبردندایە، بۆیە زۆر نزای تێدا بکەن".**

**ئەگەر هەستتکرد کە خەریکە دەکەویت،**

**بکەوە سوژدە، بۆئەوەی بەهێزتر**

**لە جاران هەستیتەوە؛**

**ئەگەر شکاویشیت،**

**سوژدەببە و بڵێ: خودایە**

**چاکمبکەوە.**

ئەگەر دەیشتەوێت لە خودا نزیک بیت،

ئەگەر دەتەوێت لە خودا نزیك بیت، سوژدەببە؛

ئەگەر کێشەیەکت هەیە، نارەحەتی و ئازارت هەیە، سوژدەببە؛

ئەگەر شتێک ئەستەمە و ناتوانیت بیکەیت؛

سوژدەببە و داوای یارمەتی لە خودا بکە.

زۆر لەناوبەری خۆشییەکان بکەوە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {اكثر من ذكر هادم اللذات الموت}، واتە: "زۆر یادی ئەو شتە بکەنەوە کە لەناوبەری خۆشییەکانە، کە مردنە".

مردن چارەنووسێکە، هەرچەندە ئێمە ئەومان لەیادکردووە، بەڵام ئەو ئێمەی لەیادە؛ مردن لەناکاو دێت، بۆیە هەمووکاتێک با ویردی سەر زمانت داوای لێخۆشبوون لە خودای گەورە بێت، ئەمە ئامۆژگاریی لوقمانی حەکیم بۆ کوڕەکەیەتی؛

خۆشەویستان، مردن دیدێکی ترە، مردن کۆتایی تۆ نییە، بەڵکو

دووباره لەدایکبوونەوەی تۆیە، لەدایکبوونەوەی ئێمەیە، مردن ڕاستە کە کۆتاییهێنەری خۆشییەکانی دونیایە، بەڵام ئێمە خۆشیی قیامەتمان هەیە؛ سەیربکەن، خودای گەورە لە قورئاندا چۆن باسی دونیا دەکات؟! ژینی دونیا جگە لە گاڵتەوگەپێکی کەم هیچی تر نییە، بێگومان ژینی دوایی بۆ ئەوانە چاکترە کە پارێزگاری و خوداناسی دەکەن.

ئەرێ ئەوە بۆ ئاوەز و ژیریتان ناخەنەکار؟! خۆشەویستان، مردن دووباره لەدایکبوونەوەیە، ئیتر کە نۆرەی ئێمە هات، بەتەواوی دووباره
لەدایکدەبینەوە.

**بەڕێزترینی خەڵک**

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {اکرم الناس اتقاهم}، واتە: "بەڕێزترینی خەڵک بەتەقواترینیانە".

ئیمامی عەلی(ڕ.خ) دەربارەی تەقوا فەرموویە: {التقوی: الخوف من الجلیل، و العمل بالتنزیل، و القناعة بالقلیل، و الاستعداد لیوم الرحیل}، واتە: "تەقوا: ترسان لە خودایە، کارکردن بە ئەوەیە کە لە لای خوداوە نێرراوە، بە کەم ڕازیبوونە، خۆئامادەکردن بۆ ڕۆژی کۆچکردن بۆ دیداری خودایە".

ئیبنومەسعودیش گوتوویە: "تەقوا بریتییە لە ئەوەی کە گوێڕایەڵیی خودا بکرێت و سەرپێچینەکرێت، خودات لەیادبێت و لەبیرینەکەیت، سوپاسیبکەیت و سپڵە نەبیت".

شێخ عەبدولڕەحمان ناسرسەعدی لە تەفسیرەکەیدا بە ئەم شێوەیە پێناسەی تەقوای کردووە:

"خۆپاراستن لە تووڕەیی و سزای خودا، بە دورکەوتنەوە لە ئەو شتانەی کە شەرع قەدەغەیکردوون، لەگەڵ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و پابەندبوون پێیانەوە، بە ئەو شێوەیەی کە لەسەرمان پێویستیکردووە؛ بەرهەمەکانی تەقوایش بەدەستهێنانی خۆشەویستیی خودایە".

**پەیوەستبە بە پێی دایکتەوە**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {الزمها فإن الجنة تحت أقدامها}، واتە: "پەیوەستبە بە پێی دایکت، چونکە بەهەشت لە ژێر پێیەکانیدایە".**

لە چەندین دەقی جیاجیا لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پەیامبەردا(د.خ) هاتووە، کە دەبێت منداڵەکان بە چاکەکردن لەگەڵ دایکوباوکیاندا پابەندبن، تەنانەت نابێت بە هیچ شێوەیەک ببن بە مایەی خەفەتباربوون و ئازارچەشتن بۆیان، بەڵکو ئەگەر بەوردی سەرنج لە ژیانی پەیامبەری خۆشەویستمان بدەین(د.خ)، دەبینین کە لە چەندین هەڵوێست و ڕێنماییکردنی جیاجیادا هانماندەدات کە لەگەڵ دایکوباوکماندا چاکەکار بین و ببین بە هۆکاری ئاسوودەبوونیان. **پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {ألا أنبئكم بأكبر الكبائر؟ الشرك بالله، وعقوق الوالدين}(رواه البخاري)، واتە: "ئایا هەواڵی گوناحە هەرە گەوهەرەکانتان پێ ڕابگەیەنم؟**

بریتین لە هاوبەشدانان بۆ خودا و ئازاردانی دڵی دایکوباوك".
بەڵێ ئازیزان و خۆشەویستانم، با ڕێزی دایکمان بگرین و پێوەی پەیوەستبین، چونکە بەهەشت لە ژێر قاچەکانیدایە.

پیاو لەسەر ئایینی هاوڕێیەکەیەتی
پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {الرجل على دين خليله، فلينظر أحدكم من يخالل}، واتە: "پیاو لەسەر ئایینی هاوڕێکەیەتی، با یەکێک لە ئێوە تەماشابکات و بزانێت کە هاوڕێیەتیی کێ دەکات".
وەک لە چەند بابەتێکی پێشوویشدا ئاماژەم بە ئەوە کردووە کە باوەڕدار ئاوێنەی باوەڕدارە و گوتیشم کە هاوڕێ خووی هاوڕێکەی هەڵدەگرێت، بێگومان ڕێک مەبەستم لە ئەم فەرموودەیەی پەیامبەر(د.خ) بووە، کە فەرموویە: {الرجل على دين خليله، فلينظر أحدكم من يخالل}، واتە: "پیاو لەسەر

ئایینی هاوڕێکەیەتی، با یەکێک لە ئێوە تەماشابکات و بزانێت کە هاوڕێیەتیی کێ دەکات". با لە خۆمان بپرسین و بزانین کە هاوڕێیەتیی کێ دەکەین لەگەڵ ڕێزمدا، بزانین کە هاوڕێکەمان هاوڕێیەکی نوێژکەر و لەخوداترسە، یاخود چاوی لە دوای خەڵکییەوە و بە دوای خەڵکییەوەیە و گۆرانیبێژ و گۆرانیلێدەرە، یاخود هاوڕێکەمان لەخوداترسە و نوێژدەکات؛ ئازیزان و برایان و خوشکانم، با بزانین کە هاوڕێیەتیی کێ دەکەین، با بزانین کێ هاوڕێمانە، چونکە هاوڕێ لەسەر خووی هاوڕێکەیەتی، کەواتە خۆشەویستان برایان و خوشکانی موسڵمان، با هاوڕێیەتیی کەسێکی باوەڕدار و لەخوداترس بکەین، با ئەو کەسە بکەین بە هاوڕێمان.

ماڵ بە بەخشین کەمناکات

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {ما نقصت صدقه من مال وما زاد الله عبدا}، واتە: "ماڵ بە خێر و چاکە کەمناکات".

خێر و چاکە هۆکاری کۆتا خێری مرۆڤە؛ پەیامبەری خودا(د.خ) فەرموویە: {وَفِعلُ الْمَعْرُوف يَقِي مَصَارِعَ السُّوءِ}، واتە: "ئەنجامدانی کردەوەی چاک –وەک خێر و چاکە–لە مردنی خراپ دەتپارێزێت". بەڵێ خۆشەویستان، با ببەخشین، چاکەبکەین، ماڵ بە بەخشین کەمناکات، ئەوە قسەی ڕەسولی خودایە. خۆشەویستان، بەخشین لە بابەتێکی نێو ئەم کتێبەی بەردەستتان باسمکردووە کە بەخشین ئارامی بە دەروون دەبەخشێت و هەر چرکەیەک دوای بەخشینەکە هەناسەیەکی جیاوازتر هەڵدەمژن، دڵ و مێشک دوو ڕێی جیاوازیان بۆ گەورەبوون هەیە: دڵ بە بەخشین گەورەدەبێت و مێشک بە زانیاری و فێربوون؛ بەخشین هەستێکی تایبەتە، لە کاتێکدا ئەو بەخشینە لەپێناوی خودای گەورەدا بێت، ئەوا ژینێکی خۆشتر و باشتر و ئارامتر بەسەردەبەین و ئینشائەڵڵا مردنێکی ئاخیرەت خێریشمان دەبێت؛ جا خۆشەویستان، بەخشین دەبێت بە هۆی ئەوەی کە ئینشائەڵڵا خودای گەورە لە بەڵای خراپیش بمانپارێزێت.

**هەر کەسێک باوەڕی هەیە**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {من كان يؤمن بالله واليوم الآخر، فليقل خيرا أو ليصمت، و من كان يؤمن بالله و اليوم الآخر، فليكرم جاره، ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر، فليكرم ضيفه}، واتە: "هەر کەسێک باوەڕی بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە، با چاکە لەگەڵ هاوسێکەیدا بکات؛ هەر کەسێک باوەڕی بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە، با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت؛ هەر کەسێک باوەڕی بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە، با قسەی چاک بکات، یان بێدەنگ بێت".**

**بەڵێ بەڕێزانم، کێ لە ئێمە ڕێز لە هاوسێکەی دەگرێت، کێمان هەیە کە شەڕی پێ نافرۆشێت، یان ڕقبەرەکێی لەگەڵدا ناکەین و منداڵەکانی لە بەردەرگەمان دەرناکەین؛ دەی کێمان هەیە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک وا لە میوان بڕوانێت کە میوان میوانی خودایە، هاتووە و ئاوەدانی بخاتە ماڵمانەوە؛ کێمان هەیە کە قسەی چاک بکەین، یان بێدەنگ بین، یان ئەوەتا پەرژینێکی**

قایم بێت، بەس قسە فڕێدەدەین و خۆیشمان نازانین چ قسەیەک دەکەین. ئازیزانم، خۆشەویستانم، تکایە، با ئاگادار بین کە لە چ کاتێکدا قسەدەکەین و لە چ شوێنێک قسەدەکەین، چونکە ئەو قسەیە لەسەری بەرپرسیارین و فریشتەکانی سەرشانمان دەینووسن.

**بێدەسەڵاتترین کەس**

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {أعجز الناس من عجز عن الدعاء وأبخل الناس من بخل بالسلام}، واتە: "بێدەسەڵاتترین کەس ئەو کەسەیە کە ناتوانێت لە خودای گەورە بپاڕێتەوە، ڕەزیلترین کەس ئەو کەسەیە کە لە سەلامکردن چروکیبکات".

خۆشەویستان، وەک دەزانین کە نزاکردن کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر ژینمان هەیە و ئێمە ڕۆژانە چەندین جار نزادەکەین، بۆئەوەی خودای گەورە مەرامی دڵمان بهێنێتەدی، یان شیفای نەخۆشمان بدات، یان لە قەرزدانەوە هاوکارمان بێت، یاخود بۆئەوەی هاوسەرگیریبکەین و یاخود

منداڵمانببێت، وەک پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: "ئەو کەسە بێدەسەڵاترینە کە ناتوانێت لە خودای گەورە بپاڕێتەوە و لە سڵاوکردن چروکیبکات"، لەوەیە بپرسن کە بۆچی، چونکە سڵاوکردن وەک پەیامبەری خودا دەفەرموێت: "سەلام لە یەکتری بکەن، سڵاوکردن خۆشەویستی بڵاودەکاتەوە"، جا خۆشەویستی بڵاوببێتەوە، ئەوا میهرەبانی و خۆشەویستیی خودا بەسەرماندا دەڕژێت، بۆیە با هەمیشە لە خودای گەورە بپاڕێینەوە و داوای لێخۆشبوونی لێ بکەین و چروکی لە سڵاوکردن لە نێوانماندا نەکەین.

بەڕاستی ڕاستگۆیی

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {إِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى البِرِّ، وَإِنَّ البِرَّ يَهْدِي إِلَى الجَنَّةِ، وَإِنَّ الرَّجُلَ لَيَصْدُقُ حَتَّى يكُونَ صِدِّيقًا. وَإِنَّ الكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الفُجُورِ، وَإِنَّ الفُجُورَ يَهْدِي إِلَى النَّارِ، وَإِنَّ الرَّجُلَ لَيَكْذِبُ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ كَذَّابًا}، واتە:

"بەڕاستی ڕاستگۆیی بۆ چاکە ڕێنماییتدەکات، چاکەیش بە بەهەشتت دەگەیەنێت؛ مرۆڤ بەردەوام ڕاستی دەڵێت، هەتا لە لای خودای گەورە بە ڕاستگۆ ناونووسدەکرێت".

ئازیزانم، خۆشەویستانم، ڕاستگۆیی لە ژیندا شتێکی زۆر گرنگە، کە لەسەر کەسی موسڵمان پێویستە ڕاستگۆ بێت، پێویستە لە قسەکانیدا درۆنەکات و وەک فەرموودەکەی پەیامبەر فەرمووی، دووڕوونەبین، کە قسەیەکمان کرد و درۆی تێدا بکەین، بەڵێنێک بدەین و نەییەینەسەر، ئەمانە دوو نیشانەی کەسی دووڕوون، ڕاستگۆیی بۆ چاکە ڕێنمایی ئێمە دەکات و چاکەکردنیش بە بەهەشت دەمانگەیەنێت و لە بەهەشتیش خودا دەبینین، خودای گەورە و میهرەبان، خودایەک کە ئارامیی پێش توڕەیی کەوتووە. ئازیزان، باوەڕدار پێویستە کەسێکی ڕاستگۆ بێت، دەبێت کەسی باوەڕدار بە ڕاستگۆیی بناسرێتەوە، ڕاستگۆیی بە چاکە دەمانگەیەنێت، ڕاستگۆییش لە نێو خەڵکیدا کەسایەتییەکی گەورەمان بۆ دروستدەکات.

## بەڕاستی درۆکردن

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {وإيَّاكم والكذب، فإنَّ الكذب يهدي إلى الفُجُور، وإنَّ الفُجُور يهدي إلى النَّار، وما يزال الرَّجل يكذب، ويتحرَّى الكذب حتى يُكْتَب عند الله كذَّابًا}، واتە: " لە درۆکردن ئاگادارتاندەکەمەوە، چونکە بەڕاستی درۆ بەرەو خراپە دەتبات، خراپەیش بەرەو دۆزەخ؛ مرۆڤ بەردەوام درۆدەکات، هەتا لە لای خودای گەورە بە درۆزن ناونووسدەکرێت".

بریتییە لە گۆڕینی بەشێک لە ڕاستییەکان یان هەموویان، یان دروستکردنی ڕووداوی تازە بە مەبەستی چەواشەکاری بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت، کە لەوانەیە ماددی بێت، یان دەروونی، یان کۆمەڵایەتی، ئەمیش بە پێچەوانەی ڕاستگۆییە. درۆکردن بە شێوەیەکی گشتی گوناحێک لە گوناحە گەورەکانە، کەسی درۆزن ئەگەر تەوبەنەکات، ئەوا بەمسۆگەری سزای دۆزەخ دەچێژێت، مەگەر خودا بە ڕەحمی خۆی لێی ببورێت.

باسی درۆ لە قورئاندا زیاتر لە دوو سەد جار هاتووە، هەمووی باسی ناشرینیی ئەو ڕەوشتە دەکات و هەروەها چارەنووسی درۆزنان بەدیاردەخات، کە بە سزای سەختی دۆزەخ شاددەبن.

بەڕاستی خودای گەورە ڕقی لە جوێنفرۆش و قسەی ناشرینە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت:{فإِنَّ اللَّهَ تعالى ليُبغِضُ الفاحشَ}، واتە: "بەڕاستی خودای گەورە ڕقی لە جوێنفرۆش و قسەی ناشرینە".

خوای گەورە بەئاشکرا قسەی خراپی پێ خۆش نییە و خۆشیناوێت، وەك: جوێندان و تانەوتەشەردان، مەگەر کەسێك ستەمی لێ کرابێت، خودای گەورە زۆر بیسەر و زانایە، خودای پەروەردگار هەواڵی پێ داوین کە قسەی نەشیاوی پێ خۆش نییە و سزای ئەو کەسە دەدات کە دەیڵێت، ئەمە هەموو جۆرە قسەیەکی خراپ دەگرێتەوە کە

شکۆمەندیی کەسانی تر لەکەداردەکات و زویریاندەکات، وەک: جوێن، تۆمەتی زینا، قسەی نەشیاو وهاوشێوەی ئەمانە، ئا ئەمانە هەموویان ڕێگرییان لێ کراوە و خودا ڕقی لێیانە.

جا ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خودا قسەی جوانی خۆشدەوێت، وەک: ویرد و هەر قسەیەکی نەرم و ڕێک، ئازیزانم، با خۆمان لە جنێودان و قسەی ناشرین بەدووربگرین، چونکە ستەمدەکەین و خودای گەورە بەنهێنی و بەئاشکرا قسەی خراپی پێ خۆش نییە، خۆ ئەگەر کەسی بەرانبەریش نەزانێت، ئەوا خودا لە قورئاندا دەفەرموێت: {**إنه عليم بذات الصدور**}.

**هەموو ئایینێک ڕەوشتی خۆی هەیە**

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {لكل دين خلق و خلق الإسلام الحياء}، واتە: "هەموو ئایینێک ڕەوشتی خۆی هەیە، ڕەوشتی ئیسلامیش شەرمکردنە".

شەرم بریتییە لە ئەوەی کە موسڵمان لە ژیندا ڕێگەیەکی ناوەندی باش بگرێتەبەر و، عەیب و شوورەیی بزانێت.

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەڵێت: "پەیامبەر(د.خ) فەرمووی: 'شەرم لە خودا بکەن، شەرمێکی شایستە'، گوتمان ئەی پێغەمبەری خودا، ئێمە شەرمدەکەین، سوپاس بۆ خودا، فەرمووی: 'ئەوە نییە کە ئێوە دەیڵێن، بەڵکو شەرمکردن لە خودا، شەرمێکی شایستە ئەوەیە کە ئەوی لەسەردا هەیە، وەک: چاو و زمان و گوێیەکان و ئەوەی کە لە خۆی گرتووە، بیپارێزیت، سک و هەرچی تێدایە، بیپارێزێت، مردن و ئێسکرزینت لەیاد بێت، هەر کەسێک دوارۆژی بوێت، واز لە جوانیی دونیا دەهێنێت، جا هەر کەسێک ئەوەی کرد، ئیتر ئەوە شەرمی لە خودا کردووە، شەرمێکی شایستە، بۆیە پێویستە شەرممان هەبێت لە کاتی قسەکردن و ڕێکردن و بە

تاییەت لەنێو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا شەرم و شورەییمان هەبێت، چونکە شەرمیش ڕەنگدانەوەی ئایینەکەمانە' ".

**کە شتێکی بینیبا**

نَّهُ كان إذا رأى ما يسرُّهُ قالَ الحمدُ للَّهِ الَّذي بنعمتِه تتمُّ الصَّالحاتُ وإذا رأى ما يسوؤُه قالَ الحمدُ للَّهِ على كلِّ حالٍ

پەیامبەر(د.خ) شتێکی بینیبایە کە پێی خۆشبوایە، دەیفەرموو: "سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە بەهۆی بەخشەکانی ئەوەوە کارە چاکەکەکان تەواودەبێت"، ئەگەر شتێکی بینیبایە کە پێی خۆشنەبوایە، دەیفەرموو: "سوپاس بۆ خودا لە هەموو حاڵەتێکدا"، ئازیزان، ئێمە هەتا چەند سوپاسی خودای گەورە دەکەین، لە حاڵەتە خۆشەکاندا نا، بەڵکو لە حاڵەتە ناخۆشەکاندا، لە کاتە ئاساییەکاندا نا، لە کاتە نائاساییەکاندا، کاتی بەڵا و موسیبەت! کەی سوپاسی خودامان کردووە؟! ئەی کەی لە کاتە خۆشەکاندا خودامان بیرهاتووەتەوە؟! ئازیزانم، پێویستە هەمیشە خودامان لەیاد بێت، هەم لە کاتە

ناخۆشەکاندا و هەم لە کاتە خۆشەکانیشدا، ئەگەر ئێمە لە کاتە خۆشەکاندا خودامان لەیادبێت، ئەوا خودای گەورە لە کاتە ناخۆشەکاندا ئێمەی لەیاددەبێت! خودایە گیان، بۆ هەموو شتێکی ژینمان سوپاسگوزارین، دڵنیاین کە لە خێری ئێمەدایە.

هەر کەسێک بۆ خودای بوو

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {من أحب لله، وأبغض لله، وأعطى لله، ومنع لله فقد استكمل الإيمان}، واتە: "هەر کەسێک بۆ خودا خەڵکی خۆشبوێت و بۆ خودا ڕقی لە خەڵک بێت و بۆ خودا بیبەخشێت و بۆ خودا قەدەغەبکات، ئەوا باوەڕەکەی تەواوە".

وەک ئیمامی غەزالی دەڵێت: "بزانە، یەکترخۆشویستن لەبەر خودا و برایەتی لە ئایینی خودای گەورەدا لە گەورەترین پەرستشەکانە"، ئازیزان، با لەبەر خودا یەکتریمان خۆشبوێت، با لەبەر خودا لە یەکتری ببورین، کاتێک ئێمە لەبەر خودا کارێکمان کرد، ئەگەر لەبەر خودا ڕقمان لە خەڵک، یان لە کەسێک بێت، خۆشەویستی لەپێناوی خودادا خۆشەویستییەکی تەواوە، وەک چۆن هەر کەسێک بۆ خودا خەڵکی خۆشبوێت، بۆ خودا ڕقی لە خەڵک بێت، بۆ خودا ببەخشێت، بۆ خودا قەدەغەبکات، ئەوا باوەڕەکەی تەواوە؛ ئیدی با ئەمە بکەین بە بنچینەی ژینمان، بیکەین بە پڕۆگرامی ژینمان؛ بۆچی شتی بێمانا و قسەی فەیلەسوفەکان دەکەین بە بەرنامەی ژینمان، کەچی قسەی ڕەسولی خودا ناکەین بە بەرنامەی ژینمان؟!

## داپۆشینی کەموکوڕی

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {من ستر أخاه المسلم في الدنيا ستره الله يوم القيامة}، واتە: "هەر کەسێک کەموکوڕیی برا موسڵمانەکەی لە دونیادا داپپۆشێت، ئەوا لە قیامەتدا خودای گەورە کەموکوڕییەکانی دادەپۆشێت".

بەڵێ ئازیزانم، جوانترین فەرموودەی ڕەسولی خودا ئەم فەرموودەیەیە، یەکێک لە فەرموودە تایبەتەکان لە لای منە، هەر کەسێک عەیبی براکەی یان خوشکەکەی داپپۆشێت، خودا لە قیامەتدا کەموکوڕییەکانی دادەپۆشێت، ماشەڵڵا، لە قیامەتدا! ئەو هەموو تاوانانەی بەدزییەوە کردوومانن! ئەو تاوانانەی کە لە پەنهایی کردوومانن! دەی ئازیزان، با کەموکوڕیی خەڵکی داپپۆشین، دڵنیا بن کە خودای گەورە عەیبەکانمان ستردەکات، هیواداریین کە خودای گەورە کەموکوڕییەکانمان لە قیامەت و لە دونیایشدا داپپۆشێت، دەی ئێمە هەتا چەند عەیبی یەکتری دادەپۆشین؟! ئەی ئێمە

هەتا چەند وێنەی برا و خوشکی موسڵمانمان بڵاوناکەینەوە، بۆئەوەی لە کەسایەتییان بدەین؟! ئاخر ئازیزان، لە دەرگەی هەر کەسێک بدەین، ئەوا لە دەرگەمان دەدرێتەوە، با ئاگاداربین و کەموکوڕیی یەکتری دابپۆشین.

باوەڕی کەستان تەواو نییە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه}، واتە: "باوەڕی کەستان تەواو نییە، هەتا ئەوەی کە لە خێر و چاکە بۆ خۆی پێی خۆشە، بۆ براکەیشی پێی خۆشنەبێت".

بەڕاستی ئەم فەرموودەیەی ڕەسولی خودا دڵەکان ڕادەچڵەکێنێت، ئایا ئێمە چەندێک ئەوەی کە بۆ خۆمان پێمان خۆشە، بۆ برا موسڵمانەکەمان پێمان خۆشە؟! ئایا کاتێک ئێمە ئۆتۆمبێلێک، ماڵێک، جلێک، کاتژمێرێک، گەشتێک دەکەین، بۆ برا موسڵمانەکەیشمان، بۆ خوشکە

قەدرگرانەکەیشمان پێمان خۆشە؟! یان دەڵێین تیاح، سەیرییکە، تخوا کێ ئەو ئۆتۆمبێلە جوانەی پێیە، منیش هیچم پێ نییە! یان دەڵێین سەیری سەیری، کێ بۆ تورکیا و ئێران ڕۆیشتووە، ئێمەیش هەتا ئێستا سنووری حاجی ئۆمەرانمان نەدیوە! یان دەڵێن کورە ئەی هاوار، ئاخر بۆچی ئەو بە ئەو شێوەیە و منیش بە ئەم شێوەیە! ئەمە کەی تەواویی باوەڕە دۆستان و خۆشەویستانم؟! ئاخر ئەمە حەسوودی و نەفسە کە ئێمە لە برا و خوشکی موسڵمانانی دەدەین، نەک پێمان خۆشبێت! با ئەم سیفەتە لە خۆمان دەربکەین، ئەگەر هەمانە ئازیزان.

## بۆ موسڵمان حەڵاڵ نییە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {لا يحلُّ لمسلمٍ أن يروِّعَ مسلمًا}، واتە: "بۆ موسڵمان حەڵاڵ نییە کە موسڵمان بترسێنێت".

برای ئیماندارم، خوشکی قەدرگرانم، ئێمە هەتا چەند لە ژینی خۆماندا ئەم فەرموودەیە جێبەجێدەکەین، لە درۆی نیسانەوە بگرە، هەتا هەواڵی مردنی درۆ و جەرگسووتانی درۆ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بگرە؛ ئاخر ئازیزان، درۆکردن بەرەو خراپەمان دەبات و خراپەیش بەرەو دۆزەخمان دەبات، کە درۆمانکرد، بە درۆزن لە لای خودا ناونووسدەکرێین؛ ئاخر شەرمە کە باوەڕدار درۆبکات، موسڵمان موسڵمان بترسێنێت، ئەمە کەی لە سیفەتی موسڵمانانە؟! ئاخر ڕۆژی درۆ لە نێو موسڵمانان چەند هەبووە کە دایکوباوکمان ترساندووە، چەندێکمان هەیە کە بە درۆ گوتوومانە ئەوە مردووە، ئەوە ئەوهای لێ هاتووە، بۆیە ترس بڵاوبکەینەوە، ئاخر حەڵاڵ نییە، ئەوە سیفەتی موسڵمان نییە دۆستانم، ئەوەتا ڕەسولی خودا و پێشەوای مرۆڤایەتی دەفەرموێت کە بۆ موسڵمان حەڵاڵ نییە کە موسڵمان بترسێنێت؛ ئازیزان، با بەس بێت؛ تکایە، با بەس بێت.

**خودایە، من پەنا بە تۆ دەگرم**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {اللهم انی اعوذ بک من علم لا ینفع و عمل لا یرفع و دعاء لا یسمع}، واتە: "خودایە، من پەنا بە تۆ دەگرم، لە زانستێک بمپارێزە کە سوودی نەبێت، لە کردەوەیەک کە بۆ لای تۆ بەرزنەکرێتەوە، لە نزایەک کە وەڵامنەدرێتەوە".**

**بەڵێ ئازیزانم، ئێمە هەتا چەند زانستەکانمان بۆ خزمەتی دینی ئیسلام و سەرخستنی دینی ئیسلام بەکارهێناوە؛ ئاخر ئازیزان و دۆستانم، ڕاستییەک هەیە کە پێویستە بیزانین، ئایینی ئیسلام بەبێ ئێمەیش هەر سەردەکەوێت، ئەوە ئێمەین کە بەبێ ئیسلام سەرلێشێواوین؛ ئازیزان، ئاخر خودای گەورە بەهرەیەکی پێ داوین، با بۆ خزمەتی موسڵمانان بێت، با بۆ خزمەتی ئایینی ئیسلام بێت؛ ئاخر ئازیزان، ڕەسولی خودا فەرموویە کە لە زانستی بێسوود بمپارێزە، زانستی بێسوود ئەو**

زانستەیە کە بۆ سوودی ئایینی ئیسلام و سەرخستنی ئایینی ئیسلام بەکارنەیات! ئاخر خۆشەویستان، چەند کردەوەمان هەیە و وەک کوردی خۆمان گوتەنی: بنمیچی خانووەکەی نەبڕیوە! ئاخر ئازیزان، گلەییشدەکەین؛ خودایە، بمانپارێزە و پەنا بە تۆ دەگرین.

خودایە، پەنا بە تۆ دەگرم

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {اللهم اني اعوذ بك من زوال نعمتك وتحول عافيتك وفجاة نقمتك وجميع سخطك}، واتە: "خودایە، من لە لەناوچوونی بەخششەکانت، لە گۆڕانی سەلامەتی و پاراستنت، لە کتوپڕیی بەڵات، لە هەموو توڕەبوونت پەنات پێ دەگرم".

خودایە، پەنات پێ دەگرین لە هەر بەڵایەکی خراپ؛ خودایە، لە شەڕی ئافرێنراوەکانت بمانپارێزە؛ خودایە، ئێمە بێتواناین، ئەگەر تۆ نەبیت، ئێمە بەبێ تۆ لاوازین، بەڵام بە ڕووقایمی و بە

**ئەو مێشکە بچووکەمان هەستدەکەین کە زاناین و دەتوانین بە هەموو شتێک بگەین؛ خودایە، ئەو زانستەی کە ئێمە هەمانە، لەچاو زانستەکەی تۆ وەک دڵۆپە ئاوێنە لە زەریایەکدا، وەک ونبوونی ئەڵقەیەک لە بیابانێکی گەورەدایە! خودایە، داوای لێبوردن لە ئەوە دەکەین کە چەندین جار بەڵێنمانداوە و بەڵێنەکەمان شکاندووە؛ خودایە، تەندروستی و خێزانەکەمان و پاراستنتمان لێ مەستێنەوە، ئێمە بەبێ تۆ لاوازین؛ خودایە، چاوپۆشی لە چاوقایمیی ئێمە بەرانبەر بە تۆ بکە، لە کۆتاییدا هەر بۆ لای تۆ دەگەڕێینەوە.**

**من کەفیلم**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {أَنا زَعِيمٌ ببَيتٍ في ربَضِ الجنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ المِرَاءَ وَإِنْ كَانَ مُحِقًّا، وَببيتٍ في وَسَطِ الجنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ الكَذِبَ وإِن كَانَ مازِحًا، وَببيتٍ في أعلَى الجَنَّةِ لِمَن حَسُنَ**

خُلُقُهُ}، واته: "من بە ماڵێک لە لایەک لە لایەکانی بەهەشت بۆ کەسێک کەفیلم کە واز لە مشتومڕ و دەمەقاڵێ بهێنێت، ئەگەر لەسەر حەقیش بێت؛ بە ماڵێک لە ناوەڕاستی بەهەشت بۆ کەسێک کەفیلم کە واز لە درۆکردن بهێنێت، ئەگەر بە گاڵتەیشی بێت؛ بە ماڵێک لە بەرزترین شوێنی بەهەشت بۆ کەسێک کەفیلم کە ڕەوشتی جوان بێت".

ئازیزان، چەند لە ئێمە هەیە لەسەر شتێک مشتومڕدەکەین کە مانای نییە، تەنانەت هەر لەسەر حەقیش نین! کێمان هەیە کە وازمان لە مشتومڕێک هێنابێت کە ئێمە لەسەر حەقیش بووبێتین ئازیزانم، کێمان هەیە کە وازمان لە درۆ هێنابێت، ئەگەر بە گاڵتەیش بێت، ئاخر درۆکردن گاڵتەی لە کوێ بوو؟! ئاخر خوشکان و برایانم، موسڵمان کەی دەبێت درۆبکات، ئەوە کەی لە سیفەتی موسڵمانە؛ ئێستا هاتووین و دەڵێین درۆی نیسان دەهێنین، ئاخر ئەمە کەی ڕەوشتی ئێمەیە؟!

**هەموو ئوممەتی من دەچنە بەهەشتەوە**

**پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {كل أمتي يدخل الجنة إلا من أبى! قيل: ومن يأبى يا رسول الله؟! قال: من أطاعني دخل الجنة، ومن عصاني فقد أبى}، واتە: "هەموو ئوممەتی من دەچنە بەهەشتەوە، مەگەر کەسێک خۆی بەهەشت ڕەتبکاتەوە و بەهەشتی نەوێت؛ هەر کەسێک گوێڕایەڵیی من بکات، دەچێتە بەهەشتەوە و، هەر کەسێک سەرپێچیمبکات، ئەوا خۆی بەهەشتی نەویستووە".**

**دۆستان و خۆشەویستانم، ئێمە بەهەشتمان دەوێت؟! هەر بەڕاستی ئەو پرسیارە دەکەم: ئێمە بەهەشتمان دەوێت؟! ئەی ئەگەر بەهەشتمان دەوێت، بۆچی سەرپێچیی فەرمانی پەیامبەر(د.خ) دەکەین، ئەو دەڵێت درۆمەکەن، دەڵێت سەردانی خزمان بکەن، دەڵێت بە دایکتانەوە پەیوەستبن، دەڵێت موسڵمانان مەترسێنن، دەڵێت ماڵی حەرام مەخۆن، دەڵێت ئەوەی کە بۆ خۆتان پێتان خۆشە، بۆ براکەیشت پێت**

خۆشبێت، ئایا ئێمە بەو شێوەیەین کە پەیامبەر(د.خ) باسیدەکات، یان پێچەوانەی ئەوەین ؟! با کەمێک بە خۆماندا بچینەوە خۆشەویستان، عەیب نییە! کەی بەخۆداچوونەوە عەیب بووە؟!

## پاڵەوانی بە زۆرانبازی نییە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {لیس الشدید بالصرعة انما الشدید الذي یملك نفسه عند الغضب}، واتە: "پاڵەوان بە زۆرانبازی نییە، پاڵەوان ئەو کەسەیە کە لە کاتی توڕەبووندا خۆیدەگرێت".

توڕەبوون چارەسەری کێشەکان ناکات، توڕەبوون کێشەکان گەوەرەتردەکات، کێشەکان ئاڵۆزتردەکات؛ ئازیزان، توڕەبوون لە شەیتانەوەیە و ئارامییش لە خوداوەیە، چەند جار هەبووە کە لەسەر شتی بێمانا، وەک گوتم کە توڕەبوون لەسەر خواردن،

لەسەر جلوبەرگ، لەسەر ڕێکخستنی ژوورەکەمان ...، بەڵام با بزانین کە توڕەبوون چییە،

توڕەبوون بریتیە لە حاڵەتێکی هەڵچوونی باری دەروونی کە لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی تر ڕێژەکەی جیاوازە و هەندێك جار گۆڕانکاریی فسیۆلۆژی و بایلۆژیی لەگەڵدایە، چارەسەری توڕەییش بریتییە لە دەستنوێژگرتن و دوو ڕکات نوێژکردن، پەناگرتن بە خودا و گوتنی 'اعوذ بالله من الشیطان الرجیم'، هەوڵدان بۆ ئەوەی کە بەسەر نەفسی خۆتدا زاڵببیت و خۆت لەسەر هێمنی پەروەردەبکەیت، خۆت لە هۆکارەکانی توڕەبوون بەدووربگریت.

لابردنی شتێک لەسەر ڕێی موسڵمانان

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {من أخرج من طریق المسلمین شیئا یؤذیهم کتب الله له به حسنة، ومن کتب له الله حسنة

أدخله بها الجنة}، واتە: "هەر کەسێک شتێک لەسەر ڕێی موسڵمانان لابدات کە ئازاریان پێ دەگەیەنێت، ئەوا خودای گەورە بە چاکە بۆی دەنووسێت، لە لای خودا چاکە بۆ هەر کەسێک بنووسرێت، ئەوا بەهۆیەوە خودا دەیخاتە بەهەشتەوە".

بەڵێ ئازیزانم، لابردنی ئازار لەسەر ڕێی موسڵمانان چاکەیە، بەڵام ئایا ئێمە بە پێچەوانەی ئەم فەرموودەیەوە نین؟! ئایا ئێمە لەبریی ئەوەی کە دڵی موسڵمانان خۆشدەکەین، یان سەغڵەتیاندەکەین و دڵیان تونددەکەین؟! دەزانن خۆشەویستان، بە یارمەتیدانی موسڵمانان دڵمانخۆشدەبێت و لە لای خودایش خۆشەویست دەبین، ئایا ئێمە لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چەند ئازار بۆ موسڵمانان دروستدەکەین، چەند تانە و تەشەنە و بوختان بۆ خوشک و برایانی موسڵمانمان دروستدەکەین، داوایش لە خودا دەکەین کە ڕەحممان پێ بکات و بمانخاتە بەهەشتەوە؛ دەی ئازیزان، با ئەم فەرموودەیەی ڕەسولی خودا لە ژینماندا جێبەجێبکەین و

ئیتر دڵخۆشی ڕوومان تێ دەکات و خودای گەورەیش چاکەمان بۆ دەنووسێت و، پاشان پشتیوان بە خودا بەهەشتی خۆیمان بەنسیبدەکات.

**هەر کەسێک خودا خێری بۆی بوێت**

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {من یرد الله به خیرا یفقهه في الدین}، واتە: "هەر کەسێک خودا خێری بۆی بوێت، ئەوا لە ئایین شارەزایدەکات".

بەڵێ خۆشەویستانم، شارەزابوون لە شەرعی خودا و لە ئایینی خودا یەکێک لە بەخششە هەرە تایبەتەکانە، کە خودای گەورە بە بەندە تایبەتەکانی دەیدات؛ شارەزابوون لە ئایین ئارامییەکی تەواو بە دەروون دەبەخشێت و ڕوویەکی گەشت پێ دەبەخشێت، پێشەوا موحەممەد عەبدلوەهاب فەرموویە: "زانست ناسینی خودا و ناسینی پەیامبەرەکەی و شارەزابوون لە ئایینی ئیسلام بە بەڵگەوەیە"، پێشەوا ئیبنوقەیم فەرموویە: {الْعِلْمُ قال اللهُ قال رسولهُ قال الصحابةُ}.

بەڵێ خۆشەویستان، چەند جار هەبووە کە ئەوەندە خۆمان بە زانستی بێماناوە و بە فێربوونی شتی بێماناوە خەریککردووە، چەندێک خۆمان بە شتانێک خەریککردووە کە تەنها کاتکوشتن بووە، لە کۆتاییدا کاتەکە ئێمەی بڕیوە و ئێمە کاتەکەمان نەبڕیوە، ئەها چەند جار پێمان دەڵێن کە کات شمشێرە، نەیبڕیت، دەتبڕێت؛ دەی ئازیزان، چەند جار شمشێری کات ئێمەی لە شتی هیچدا بڕیوە؟!

هەڕەشە و دۆزەخ بۆ ئەو کەسە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {ويل للذي يحدث فيكذب؛ ليضحك به القوم، ويل له، ثم ويل له}، واتە: "هەڕەشە و دۆزەخ بۆ ئەو کەسەی کە درۆدەکات، بۆئەوەی خەڵکی پێبکەنێت، هاوار و دۆزەخ بۆ ئەو کەسە، هاوار و دۆزەخ بۆ ئەو کەسە".

خۆشەویستانم، چەندمان هەیە کە درۆدەکەین، بۆئەوەی خەڵکی پێبکەنن؛ چەندمان هەیە کە درۆدەکەین، بۆئەوەی پێمان بڵێن کە هەزەلین؛ چەندمان هەیە کە درۆدەکەین، بۆئەوەی پێمان بڵێن کە ئەها کۆمیدییە! ئەوەتا پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت کە هەڕەشە و دۆزەخ بۆ ئەو کەسەی کە درۆدەکات، بۆئەوەی خەڵکی پێبکەنێت، هاوار و دۆزەخ، هاوار و دۆزەخ بۆ ئەو کەسە! دەی خۆشەویستانم، با درۆکردن بەسبێت، خۆشەویستانم، با بەسبێت، بۆچی درۆبکەین؟! بۆچی خۆمان هەزەلیبکەین؟! ئاخر ڕەسولی خودا دەفەرموێت کە ئەو کەسەی زۆر پێبکەنێت، دڵی دەمرێت، دڵی دەمرێت و باوەڕی لاوازدەبێت، ئەو کەسەی زۆر پێبکەنێت؛ چەند کەس هەیە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ناوی دڵخۆشکردنی خەڵکییەوە درۆدەکەن؟! نامەوێت ناوی کەس بهێنم، کەسی لە ئەو شێوەیە زۆرن؛ بەداخەوە، ئەمە کەی سیفاتی کەسی موسڵمانە خۆشەویستانم، با ئەو سیفاتانە لە نێوان خۆماندا نەهێڵین.

نەفرەت مەکەن بە نەفرەتی خودا

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {لاَ تَلاعنُوا بلعنةِ اللَّه، وَلاَ بِغضبِهِ، وَلاَ بِالنَّارِ}، واتە: "نەفرەتمەکەن بە نەفرەتی خودا، یان تورەبوونی خودا، یان دۆزەخی خودا".

بەڕێزان، بابەتی نەفرەتکردن ئەوەندە بابەتێکی ئاسان نییە کە ئێمە تێیگەیشتووین، با ببینین کە پەیامبەری خودا چیی فەرمووە:

"نەفرەتکردن لە موسڵمان وەك کوشتنی وایە؛ هەر کەسێك موسڵمانێك بە کافر تۆمەتبار بکات، وەك ئەوە وایە کە کوشتبێتی".

بەڵێ ئازیزانم، ئێمە چەند بە ئاسانی وشەی نەفرەت بەسەر زارماندا دێت، نەفرەتی خودات لێ بێت، ئاخر نەفرەتی خودا ئەوەندە ئاسان و کەم نییە، ئەوەتا پەیامبەر(د.خ) پێمان دەفەرموێت:

{لاَ تَلاعنُوا بلعنةِ اللَّه، وَلاَ بِغضبِهِ، وَلاَ بِالنَّارِ }، واته:
"نەفرەتمەکەن بە نەفرەتی خودا، یان توڕەبوونی خودا، یان دۆزەخی خودا".
هەر کاتێک شەیتان بەسەرماندا زاڵدەبێت و توڕەدەبین، باشترە بڵێم کە هۆش و بیرمان لەدەستدەدەین، دەڵێین نەفرەت لە ئەم ژینە! ئاخر نەفرەت لە شتێک کە خودای گەورە دروستیکردبێت، یان دەڵێین نەفرەت لە زەمانە، ئاخر چۆن دەکرێت نەفرەت لە شتێک بکەین کە خودای گەورە سوێندی پێ خواردبێت؟!
قورسترین شت لە تەرازووی قیامەتدا
پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {أثقل شيء في ميزان المؤمن خلق حسن}، واته: "قورسترین شت لە تەرازووی ڕۆژی دواییدا ڕەوشتجوانییە".
ئیبنوقەیم فەرموویە:
"ئایین ڕەوشتە، ئەوەی کە لە ڕەوشتەوە لە سەرووی تۆوەیە، لە ئایینیشەوە لە سەرووی تۆوەیە".

[الدين حسن الخلق فمن زاد عليك فى الخلق زاد عليك فى الدين]، واتە: "ئیسلام لە ڕووی ناخ و ناوەڕۆکەوە مرۆڤ دروست و باشدەکات نەک لە ڕووی ڕووکار و دەرەوە".

ئازیزانم، با سەیری ڕەوشتی ڕەسولی خودا بکەین، بزانین چۆن بووە:

بەهۆی سۆز و بەزەیی خوداوە بۆیان نەرم بوویت؛ ئەگەر دڵڕەق بویتایە، ئەو خەڵکانەی کە لە دەورت جەمبوون، لە دەورت پەرتەوازەدەبوون، جا بیانبەخشە و داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکە، لە کاردا ڕاوێژیان پێ بکە؛ ئەگەر لەسەر کردنی کارێک سووربوویت، پشت بە خودا ببەستە، بەڕاستی خودا ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە پشتی پێ دەبەستن؛ یەکێکی تر لە ڕەوشتەکانی ڕەسولی خودا سۆز و یەکسانی بەسەر هەژار و دەوڵەمەندا بووە؛ خودایە، ڕەوشتمان جوانبکەین و بەهەشتمان بەنسیببکەیت.

تاقیکردنەوەی سەختتر بێت

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {أشدُّ الناسِ بلاءً الأنبياءُ، ثم الذين يلونَهم، ثم الذين يلونَهم}، واتە: "بەڕاستی پەیامبەران لە هەموو کەس تاقیکردنەوەیان سەختترە، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان".

بەڵێ ئازیزانم، پەیامبەران قورسترین ئازاریانچەشتووە و بە سەختترین جۆر تاقیکراونەتەوە، وەک پەیامبەر(د.خ) لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت: {اذا احب قوما ابتلاهم}، واتە: "خودای گەورە ئەگەر کەسێکی خۆشبوێت، ئەوا تاقییدەکاتەوە"؛ وەک دەزانین کە پەیامبەر ئەیوب هەژدە ساڵ تاقیکرایەوە، ئاخر ئەی برایان و خوشکانی موسڵمانم، ئێمە لەوانەیە بەرگەی سێ مانگ تاقیکردنەوەی نەخۆشی نەگرین، دەچین و هاوار بۆ دکتۆر و هەزار ئەملا و ئەولا دەبەین، یەعقوب بە چل ساڵ دووری، یوسف بە بیست و حەوت ساڵ زیندانی، پەیامبەر موحەممەدی سەروەری مرۆڤایەتی بەردبارانکرا! خودایە، لێمان خۆشببە، وەک یەکێک لە جەنگەکاندا پەیامبەر(د.خ) فەرمووی: "خودایە، لە ئومەتەکەم

خۆشببە، ئەوان نەزانن"، ماشەڵڵا لە ڕەوشتبەرزیی ڕەسولی خودا، ماشەڵڵا.

دونیا لە ڕەحمەتی خودا دوورە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {الدنيا ملعونة ملعون ما فيها}، واتە: "بەڕاستی دونیا و ئەوەیشی کە لە شتی دونیایی تێیدایە، لە ڕەحمەتی خوداوە دوورە".

---

خۆشەویستان، ئەم دونیایە بۆ ئێمە تاقیکردنەوەیە، وەک پەیامبەریش فەرموویە: "دونیا زیندانی باوەڕدارانە و بەهەشتی کافرانە"، کەواتە ئەم دونیایە بۆ ئێمە وەک زیندانێکە و بەهەشتی فیردەوس ماڵی ڕاستەقینەی ئێمەیە، کە مردن و ئازار و ناخۆشی و ناڕەحەتیی تێدا نییە، ماندووبوونی تێدا نییە، دۆزەخی بەئازار و سەخت بۆ بێباوەڕان و ئەوانەی کە باوەڕیان بە پەروەردگاریان نییە، ئامادەیە، وەک چۆن خودای گەورە لە

**سورەتی 'الملک' لە ئایەتی دوودا دەفەرموێت:** {الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ}، **واتە: "هەر ئەو مردن و ژینی بەدیهێناوە، بۆئەوەی تاقیتانبکاتەوە و بزانێت کێتان کردەوەی چاکتر و پەسەندترە؛ بێگومان هەر ئەو بەسەر بێباوەڕاندا زاتێکی باڵادەستە و بەرانبەر بە باوەڕداران لێخۆشبووە".**

**بەڕاستی بەختەوەر ئەو کەسەیە**

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {إنَّ السعيدَ لَمَنْ جُنِّبَ الفِتَنَ ، إنَّ السعيدَ لَمَنْ جُنِّبَ الفِتَنَ ، إنَّ السعيدَ لَمَنْ جُنِّبَ الفِتَنَ ، ولَمَن ابتُلِيَ فصَبَرَ ؛ فَوَاهًا}، واتە: "بەڕاستی بەختەوەر ئەو کەسەیە کە خۆی لە فیتنە دووربخاتەوە و، کە تاقیکرایەوە و توشی بەڵا و ناخۆشی بوو، ئارامبگرێت".

ئازیزانم، بەختەوەر ئەو کەسەیە کە وەک پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت کە خۆی لە فیتنە دەپارێزێت و لەسەر بەڵا و ناخۆشی ئارامدەگرێت و وەک پەیامبەران لەسەری ئارامدەگرێت؛ وەک لە چەند بابەتێک لە ئەم کتێبەدا باسمکردووە، خودای گەورە فەرموویە: {ان الله مع الصابرين}، واتە: "خودای گەورە لەگەڵ ئارامگراندایە"، چەند گوتەیەکی جوانیش لەسەر ئارامگرتن هەیە کە یەکێک لە گوتە جوانەکان لەسەر ئارامگری ئەوەیە کە نووسەر دەڵێت: "ئارامگرتن بریتییە لە نزا و چاوەڕوانبوون نەک ناشکوری و ناچاربوون"، ڕاستە ئارامگرتن تاڵ و ناخۆشە، بەڵام پاداشتەکەی زۆر گەورەیە، وەک ئەوەی کە لە ئیمامی عەلی دەپرسن: "چی لە ژەهر تاڵترە؟"

ئەویش فەرمووی: "ئارامگرتن"، ئارامبگرە ئازیزم، بەڵێنی خودا ڕاستە و دێتەدی.

ئەگەر خانەوادەیەکی خۆشبوێت

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {ان الله اذا احب اهل بيت ادخل عليهم الرفق}، واتە: "بەڕاستی ئەگەر خودای گەورە خانەوادەیەکی خۆشبوێت، ئەوا نەرمونیانی دەخاتە نێوانیانەوە".

بەڵێ خۆشەویستانم، ئەم فەرموودەیە یەکێک لە فەرموودە گرنگەکانە، زۆرێک لە ئێمە لە مامۆستایانی ئایینی، لە پسپۆڕانی دەروونی و خێزانی دەپرسین کە بۆچی بەختەوەری لە ماڵماندا نییە، بۆچی ئێمە ماڵەوەمان هەر شەڕ و ئاژاوەی تێدایە؟! ئەگەر ئێوە، خێزانە بەڕێزەکەی ئێوە هەمان ئەو کێشەیەی هەیە، ئەوا سەیری ئەم فەرموودەیە بکە ئازیزم، داوای لێخۆشبوون لە خودا بکەن و لە تاوان دووربکەونەوە و

چاکەبکەن، ئینشائەڵڵا خودای گەورە تەبایی و نەرمونیانی دەخاتە نێو هەموو خێزان و خانەوادەیەکەوە؛ بەڵام ماڵێک وێنەیەکی تێدا بێت، یان سەگی تێدا بێت، نەک بەرەکەتی خودا، بەڵکو فریشتەی خودایش نایەتە ناویەوە، ئیتر چۆن بەرەکەت بکەوێتە ئەو ماڵەوە ئازیزی من؟! ماڵێک وێنەیەکی گەورەی هەڵواسراوی هەبێت، بە دیوارەوە لەسەر مێزێک دانرابێت، چۆن فریشتە دێتە ناویەوە ئازیزم؟!

خودای گەورە جوانە و جوانیشی خۆشدەوێت

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {ان الله جمیل، یحب الجمال}، واتە: "بەڕاستی خودای گەورە جوانە و جوانیشی خۆشدەوێت"، ڕەوشتە بەرز و جوانەکانی خۆشدەوێت، ڕەوشتی نزم و سووکی پێناخۆشە.

ئیبنوقیم دەڵێت: "ئایین هەمووی ڕەوشتە؛ ئەوەی کە لە ڕەوشتدا پێشتکەوت، ئەوە لە ئایینیشدا پێشتکەوتووە"، وەک شاعیریش دەڵێت:

جوانی جوان نییە

ڕەوشت جوانییە

هەر کەسێک نەیبێت،

هەر مرۆڤ نییە!

وەک پیرەمێردی شاعیریش دەڵێت:

بە عیلمی فەلەک دکتۆرا بێنی

ڕەوشتت نەبێ، فلسێک ناهێنی

خودای گەورە ڕەوشتجوانی خۆشدەوێت، خودای گەورە خۆی جوانە و جوانی خۆشدەوێت؛ ئازیزان، با ڕەوشتمان جوانبکەین.

## ڕەحمەتی خودا لە ئەو کەسە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {رحم الله عبدا قال خيرا فغنم، أو سكت عن سوء فسلم}، واتە: "ڕەحمەتی خودا لە کەسێک بێت کە باش بڵێت و پاداشت لەسەری وەربگرێت، یان بێدەنگبێت و قسەی خراپ نەکات، لە تاوان پارێزراو بێت".

پەندێکی پیرەمێرد هەیە، دەڵێت:

زمان ڕابێنە لەسەر قسەی حەق

بە ئەدەب نەوەک بە زمانی ڕەق

ئەو پارچە گۆشتەی لە ناو دەمایە

کلیکی دەرگای خێر و بەڵایە

هەر وەکو دەرگای خێر دەکاتەوە

سەری زۆر بەڵاش هەڵدەداتەوە

پەیامبەریش(د.خ) لە باسێکی تردا دەفەرموێت:

"قسەی خێر بکە، یان بێدەنگبە".

بەختەوەری و بەهەشت

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {طوبي لمن وجد في صحيفته استغفارا كثيرا}، واتە: "بەختەوەری و بەهەشت بۆ ئەو کەسەی کە لە پەڕاوی کردەوەکانیدا ئەستەغفیروڵڵای زۆر تێدایە".

داوای لێخۆشبوون لە خودا کلیلی کردنەوەی دەرگەی کێشەکانە، وەک ئەم فەرموودەی پەیامبەریش(د.خ) کە دەفەرموێت:

{طوبي لمن وجد في صحيفته استغفارا كثيرا}، واتە: "بەختەوەری و بەهەشت بۆ ئەو کەسەی کە لە پەڕاوی کردەوەکانیدا ئەستەغفیروڵڵای زۆر تێدایە".

جا با ئێستا بزانین کە کاریگەرییەکانی ئیستیغفار چین:

- سڕینەوەی تاوان و خراپەکارییەکان.
- هۆکارێک بۆ قبوڵبونی نزا و پاڕانەوەکان.
- هۆکارێک بۆ بەهرەمەندی و خۆشبەختیی ژین.

- هۆکارێک بۆ بەهێزبوونی لەش، سەلامەتبوونی لەش لە دەرد و بەڵا و ئافات.
- هۆکارێک بۆ بوونی ئەمن وئاسایش و پاراستن و سەلامەتبوون لە هەموو فیتنە و میحنەت و شەڕ و ئاژاوەیەک.
- هۆکارێک بۆ زیادبوونی چاکەکان بە چەندین قات.

زۆر سوژدەببە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {عليكَ بِكَثْرةِ السُّجُودِ، فإِنَّك لَنْ تَسْجُد للَّهِ سجْدةً إلاَّ رفَعكَ اللَّهُ بِهَا دَرجَةً، وحطَّ عنْكَ بِهَا خَطِيئَةً}، واتە: "زۆر سوژدە بۆ خودای گەورە ببە، چونکە تۆ بێگومان هیچ سوژدەیەک بۆ خودا نابەیت، ئیللا بەهۆیەوە خودای گەورە پلەیەک بەرزتدەکاتەوە، تاوانێکت دەسڕێتەوە".

خوشکان و برایانی موسڵمانم، سوژدەبردن کلیلی دەرگەی کێشەکانە، کلیلی دەرگەی ئازار و ناڕەحەتییەکانە، سوژدە وەک چۆن هەموو کاتێک بۆ بوونی کێشە نییە، هەندێک کاتیش بۆ سوپاسکردنی خودای گەورە لە ئەو بەخششەیە کە پێی بەخشیویت، یاخود لە کاتی دڵخۆشیتدا، یان لە کاتی بەدەستهێنانی سەرکەوتندا، وەک ڕەسولی خودا و پێشەوای

مرۆڤایەتی دەفەرموێت: "زۆر سوژدە بۆ خودای گەورە ببە، چونکە تۆ بێگومان هیچ سوژدەیەک بۆ خودا نابەیت، ئیللا بەهۆیەوە خودای گەورە پلەیەک بەرزتدەکاتەوە، تاوانێکت دەسڕێتەوە". بەڵێ ئازیزم، ئەگەر شکاویت، ئەوا هەستە و ئێستا سوژدەیەک ببە و داوای یارمەتی لە خودا بکە، دڵنیابە کە بەهێزتر لە جاران هەڵدەستیتەوە؛ ئەگەر غەمگینیت، بڕۆ و سوژدەیەک ببە و بە زەویدا بیچەسپێنە و لە ئاسمان وەڵامتدەدرێتەوە، لە ئاسمان!

## دوو چاو ئاگر نابینن

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {عَيْنَانِ لَا تَمَسُّهُمَا النَّارُ: عَيْنٌ بَكَتْ مِنْ خَشْيَةِ الله، وَعَيْنٌ بَاتَتْ تَحْرُسُ فِي سَبِيلِ الله}، واتە: "دوو چاو ئاگر نابینن، چاوێک کە لە ترسی خودا بگریت، چاوێکیش پاسەوانی لەپێناوی خودای گەورەدا بکات".

خۆشەویستانم، ئەم فەرموودەیە بەڕاستی دەبێت دڵی باوەڕدار و کەسی لەخواترس ڕابچڵەکێنێت، ئێمە چەند جار ڕۆژانە بە چاوەکانمان زینادەکەین؟! بە چاوەکانمان نەزەردەکەین، لەپێناوی خودای گەورەدا پاسەوانی پێ ناکەین! لە نەزەر و نەبینین و سەیکردنی شتی حەرام و نابەجێ و نەشیاو نایگرینەوە! خودا پەنامانبدات، ئاخر چۆن ئەو فەرموودەیەی ڕەسولی خودا بمانگرێتەوە و چاوەکانمان لە ئاگری دۆزەخ پارێزراو بێت، ئایا ئێمە چاوەکانمان لە تاوانکردن دەپارێزین، ئایا ئێمە چاوەکانمان لە نەزەرکردن و سەیرکردنی ڤیدیۆی نەشیاو دەگرینەوە؟! بەداخەوە، ئەمە چۆن دەبێت ڕەوشتی کەسی موسڵمان بێت ئازیزانم، ئاخر چۆن؟!

## ئەگەر سێ کەس بوون

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {إذا كنتم ثلاثةً فلا يتناجَى اثنانِ دون الثالث}، واتە: "ئەگەر ئێوە سێ کەس بوون، ئەوا با دووانتان بەنهێنی قسەنەکات، چونکە بەڕاستی سێیەم خەفەتباردەبێت".
ئەی بەقوربانتبم ڕەسولی خودا، ئەی دایکوباوک و ڕۆح و ماڵ و سەروەتم ببێت بە قوربانت، ئەی باشترین دەروونناس، ئەی باشترین دەرمانی دڵان؛ ئازیزان، سەیری ئەم فەرموودەیە بکەن و بەجوانی لێی وردببنەوە، تێبینیتانکردووە کە ئەگەر سێ هاوڕێ پێکەوەبن، دووانیان بەنهێنی قسەبکەن، کەسی سێیەمیان مەراقدەکات، ئەوەتا ئەمە مەبەستی ڕەسولی خودا بووە! هەر لە ژینی ڕۆژانەماندا لەوانەیە چەندین جار ئەو ڕووداوەمان بەسەردابێتەوە و مەراق دامانبگرێت، بڵێین خودایە دەبێت ئەو دووانە چی بڵێن، دەبێت زەمی من نەکەن، بەڵام پەیامبەری خودا فەرمانی پێ کردووین کە تێکەڵی شتێک نەبین کە پەیوەندیی بە ئێمەوە نەبێت، خۆمانی تێدا هەڵنەقورتێنین؛ دەی ئازیزانم، با ئەم فەرموودەیەی ڕەسولی خودا، دایکوباوکم ببێت بە فیدای، بکەین بە بنچینەی ژینمان، بزانن چ

گۆڕانکارییەک بەسەر ژینی ئێمەدا دێت و چەندێک لە ژینماندا بەختەوەر و دڵخۆشدەبین؛ لە خودای گەورە داواکارم کە لەگەڵ ڕەسولەکەی خۆیدا حەشرمانبکات.

تاوانە هەرە گەورەکان

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {إِنَّ مِنْ أَكْبَرِ الْكَبَائِرِ أَنْ يَلْعَنَ الرَّجُلُ وَالِدَيْهِ». قِيلَ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَكَيْفَ يَلْعَنُ الرَّجُلُ وَالِدَيْهِ قَالَ: «يَسُبُّ الرَّجُلُ أَبَا الرَّجُلِ، فَيَسُبُّ أَبَاهُ، وَيَسُبُّ أُمَّهُ}، واتە: "بەڕاستی یەکێک لە تاوانە هەرە گەورەکان ئەوەیە کە مرۆڤ نەفرەت لە دایک و باوکی بکات، نەفرەت لە باوکی خەڵکی بکات و خەڵکیش نەفرەت لە باوکی ئەو بکەن، نەفرەت لە دایکی خەڵکی بکات و نەفرەت لە دایکی ئەو بکەن".

سوبحانەڵڵا ئازیزانم، ئێمە چەند جار هەبووە کە بە ناوی گاڵتەوە، بە ناوی هاوڕێیەتیەوە جنێو و تانە و تەشهیر لە دایکوباوکی یەکتری دەدەین، تەنانەت جنێو بە دایکوباوکی خۆیشمان دەدەین، ئەی ئاخر چۆن خودا لێمان ڕازیدەبێت،

ئەی ڕازیبوونی خودا لە ڕازیبوونی دایکوباوکدا نییە؟!
بەهەشت لە ژێر پێیەکانی دایکدایە! خودای گەورە لە قورئاندا فەرمانمان پێ دەکات کە لەگەڵ دایکوباوکماندا باش بین، تەنانەت پێیان نەڵێت ئۆف! ئەی ئێمە ئەمڕۆ چەند جار دەڵێین: ئۆف دایە، تخوا ئۆف باوکە، تخوا تاقەتم نییە، ئەوە چییە؟!
ئەی چەند جار دەڵێین کە تخوا تۆ باوکیت، تخوا تۆ دایکیت؟!
سوبحانەڵڵا، خودایە گیان، لێمان خۆشببە، ئێمە چەندێک تاوانبارین، بەڕاستی بە ڕەحمی تۆ نەبێت، ئێمە هەر بۆنی بەهەشتیش ناکەین؛ لە خودای گەورە داواکارم کە لە تاوانەکانمان خۆشببێت.

## لە کاتی خۆشیدا خودا بناسە

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت: {تعرف إلى الله في الرخاء يعرفك في الشدة}، واتە: " لە کاتی خۆشیدا خودا بناسە، خودای گەورەیش لە کاتی سەغڵەتیدا فریاتدەکەوێت".
ئازیزانم، چەند جارێک لە ئەم کتێبەدا ئاماژەم بە ئەوە داوە کە ئێمە هەندێکمان تەنها لە کاتی ناخۆشیدا خودای گەورەمان لەبیرە و لە کاتی خۆشیدا ئەوەی بە بیرماندا نەیات، هەر ئەوە،

ئیتر چۆن خودای گەورە بێت بە فریای ئێمە لە ئەو کاتەی کە ئێمە سەغڵەتین؟! دەی ئاخر چۆن ئەو فەرموودەیەی پەیامبەر(د.خ) بمانگرێتەوە؟! دەی تخوا با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین خۆشەویستانم، چەندێکمان هەبووە کە تەنها لە کاتە ناخۆشییەکاندا، لە ئەو کاتانەی کە گریاوین، خودامان بیرهاتووەتەوە، بۆچی هەتا زللەی ژینمان بەرنەکەوت، خودامان بیرنەدەهاتەوە؟! بۆچی ئەگەر جەومان هەبوو، لەبریی زیکر و یادی خودا و سوژدەبردنی سوپاسگوزاری گۆرانییەکمان لێ دەدا و شاییماندەکرد و شەیتانمان دەهێنایە لای خۆمان و فریشتەکانمان دەردەکرد؟! ئاخر چۆن خودا لە کاتی تەنگانەدا یارمەتیمانبدات دۆستان و ئازیزانم، ئاخر چۆن؟!

نموونەی باوەڕدار

پەیامبەر(د.خ) دەفەرموێت:{ مثلُ المؤمنين في تَوادِّهم ، وتَرَاحُمِهِم، وتعاطُفِهِمْ، مثلُ الجسَدِ إذا اشتكَى منْهُ عضوٌ تدَاعَى لَهُ سائِرُ الجسَدِ بالسَّهَرِ والْحُمَّى}، واتە: "نموونەی باوەڕداران لە ڕەحم و بەزەیی و سۆزیاندا بەرانبەر بە یەکتری وەک یەک لاشەیەک وایە، کە ئەگەر ئەندامێکی ئەو لاشەیە ئازاری هەبێت، ئەوا سەرجەم ئەندامەکانی تریش تووشی شەونخوونی و تا دەبن".

ئازیزانم، ئەمە نموونەی باوەڕداری ڕاستەقینەیە، ئا ئەمە خۆشەویستی و بەزەیی موسڵمانی ڕاستەقینە بەرانبەر بە یەکترییە، کە لەگەڵ ئازار و ناخۆشییەکاندا بەیەکەوەن و لەگەڵ یەکتریدا دەگرین و لە کاتی خۆشی و شادیدا بەیەکەوە دڵخۆشن و لەپێناوی ئەو دڵخۆشییەدا سوپاسی خودا دەکەن؛ بەڵێ خۆشەویستانم، ئێستا ئێمە نەک برایان و خوشکی موسڵمانمان، بەڵکو بەرانبەر بە خێزانەکانمان ئەو هەستەمان نەماوە! بەرانبەر بە دایکوباوکمان ئەو هەستەمان نەماوە! ئاخر دایکێک کە نۆ مانگ تۆی لە سکیدا هەڵگرتووە، کەسی واهەیە

که پێی عەییە، بڵێت ئەوە دایکمە! سوبحانەڵڵا! ئاخر چۆن ڕەحمی خودا لە نێوانماندا بڵاوببێتەوە خۆشەویستانم، ئاخر چۆن؟!

کۆتایی:

سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە، کە لە نووسینی ئەم کتێبەدا هاوکارییکردم، سوپاس و ستایش بۆ خودای تاکوتەنها، بۆ ئەو خودایەی کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە بەرانبەر بە باوەڕداران لێخۆشبووە و دەرگای تەوبەی دانەخراوە و هەمیشە هەتا خۆرهەڵهاتن لە خۆرئاواوە کراوەیە.

هیوادارم سوودتان لە خوێندنەوەی کتێبەکە بینیبێت و ببێت بە توێشوویەک بۆ قیامەتمان؛ لە خودای گەورە داواکارم کە لە تاوانەکانمان خۆشببێت و بە تاوانەکانمان لەگەڵماندا نەکات؛ هەموو شتێک لە ئەم ژینەدا کۆتاییدێت و کاتییە.

هەر شاد و سەرفراز بن، السلام علیکم و رحمة الله و برکاتە.

دەربارەی نووسەر:

من ناوم 'دیار سەعدی عەلی'یە، دانیشتووی ناحیەی چوارقوڕنەی سەر بە قەزای ڕانیەم و تەمەنم ١٩ ساڵە و خوێندکاری پەیمانگەی کۆمپیوتەری ڕاپەڕین بۆ زانستەکانی کۆمپیوتەر، لە قۆناغی پێنجەمم، خاوەنی ٣ بڕوانامەی زمانی ئینگلیزیم:

- بڕوانامەی سیستەمی فەیس_تو_فەیس، ئاستی چوارەم.

- بڕوانامەی سیستەمی فەیس_تو_فەیس، ئاستی پێنجەم.

- بڕوانامەی سیستەمی ئینتەر_چەینج، زانکۆی ئەمریکی-عێراق لە سلێمانی

هەروەها بە ئەم کتێبەی بەردەستتانەوە نووسەری ٣ کتێبم:

- بە ئینگلیزی بیربکەوە، خێراتر قسەبکە.

- لە نامەیەکەوە.

- ژین لەگەڵ فەرموودەکانی پەیامبەردا.

# الحمد لله على كل حال

**سەرچاوەکان:**

- **شەست سەد فەرموودەی پەیامبەر(د.خ).**
- **ماڵپەڕی فیردەوس بۆ هەندێک لە ئایەت و بابەت.**

- ماڵپەڕی وەڵامەکان بۆ هەندێک لە ئایەت و بابەت.

- ماڵپەڕی بەهەشت بۆ هەندێک لە ئایەت و بابەت.

- ماڵپەڕی قورئان_کورد بۆ هەندێک لە ئایەت و بابەت.

- ماڵپەڕی شەن_پرێسس بۆ بابەتێک.

- ماڵپەڕی شێخ_بن_باز بۆ حەدیسەکان بە شێوەی نووسین.

- ماڵپەڕی ئیسلام_وێب بۆ هەندێک لە حەدیسەکان بە شێوەی نووسین.

- ماڵپەڕی دۆراری عەرەبی بۆ فەرموودە.

- پەیجی شەیدایانی فیردەوس بۆ چەند نووسینێک.

- بلۆگی گەنجینە بۆ بابەتێک.

- ماڵپەڕی ویکی_سۆرس بۆ فەرموودە.

- پەیجی کەشتیی فریشتەکان بۆ گوتە.

- پەیجی ڕۆژی قیامەت بۆ بابەتێک.

- ماڵپەڕی کەلیم_طیب بۆ فەرموودە.

- ماڵپەڕی ئەلوکەھ بۆ فەرموودە.

- ماڵپەڕی چاکسازی بۆ بابەتێک.

- ماڵپەڕی ئەلئیمان بۆ فەرموودە.

تێبینی: ئەم سەرچاوانەم بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە و فەرموودەی باوەڕپێکراو بەکارھێناوە، بۆیە بڕێکی زۆر لە سەرچاوەیشم بۆ ئەم کتێبە بەکارھێنا، چونکە کتێبێکی ئایینییە و بۆ خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە و ویستوومە کە کەمترین ھەڵەی تێدا بێت و زۆرترین سەرچاوە بەکاربھێنم.

پرسیار و وەڵام:

- ئایا چاوەڕوانی بەرھەمی داھاتووی نووسەریت؟

- ئایا ئەم بەرھەمەی نووسەرت بەلاوە چۆن بوو؟

- ئایا ئەم بەرهەمەی نووسەر سوودی پێ گەیاندیت؟

- چ تێبینیەکت بۆ نووسەر هەیە؟